توانستەندی هزری میشێل فوکۆ لێگۆڕانا قایرەس سەرلەنوێ هاتگۆڕێ-9- ئازاد حەمە

بەشی نۆیەم

سەرەتا: بە تێگەیشتن لە کارگێڕی گووباڵی سیاسییانەی پەتای کۆرۆنا پەیوستمان بوو دەبێت کە بە بەشێك لە گەنجینەی هزری میشێل فوکۆ (Foucault) بگەڕێینەوە کە بە بایۆپۆلیتیك (Biopolitics) وە (سیاسەتی زیندەیی/ سیاسەتی ژیانکاری) تایبەتی کردوون. مێژووی هزر ،کە بواری پسپۆری میشێل فوکۆ بوو، لێژەرسایەیا دەرگای لە شیکاری گەلێك دیاردەی کۆمەڵگەی مەدێرن کردوەتەوە. ئەم بیریارە بە ئاوەی دیاردە وەلانراو و پەراوێزکانی کۆمەڵگەی نوێی ڕێژاوا (شێتی، ناساغیدەروونی، بەندیخانە، نەخۆشخانە، پۆلیسخانە، ئەرشیفکردن، بەبەگانەبوون) بە چاکی ببینێت کاری بە ئاوە کرد کە لەسەر دەستی بیریارانی سەردەمی پێش و پاش خۆی، پردێك لەنێوان فەلسەفە، مێژووی پزیشکی و بایۆلۆجیدا دروستبکات. ئاوەش بەچاکی لە سێ بەرهەمە ناسراوەکانیدا گەرایان دانا: مێژووی شێتی، لەدایکبوونی کلینیك (عیادە)، مێژووی سێکسگەرایی (1). لەم بارەیشەوە هەر زوو بیرمەندە گەورەکانی فەرەنسا (ژەرژ کەنگلەم، ئەلێکسەندەر کاریە، ژان کاڤایەس، گاستۆن باشلار، لوی ئالتیسێر، ژەرژ دەمیزیل) کاریگەریان لەسەر هزری شیکاریی فوکۆ دانا. کەوابێت پرسیارە سەرەکییەکەی ئەمە لەردا ئاوەیە کە، چۆن فوکۆ لێگەڕ کۆرۆنا بوو بابێت؟ لێگای بایۆپۆلیتیك و گرێدانەوەی پزیشکی (و زیندەوەرناسی) بە سیاسەتەوە ئەمکرا. بەیە ئاوەی ئەمە لەم بەشە مەبەستمانە لەسەری بوستین بابێتی بایۆپۆلیتیکێ بەپێی تێگەیشتنی فوکۆ، کە لێگەڕ کۆرۆناڤایرەس لەناو بیریارانی ڕێژاوا بووەوە بابێت و فوکۆش لە دوو بەرهەمیدا (یەکەم: چاودێری و سزا- لەدایکبوونی بەندیخانە 1975، دووەم: بەشی یەکەم(ویست بە زانین) ی پەرتووکی مێژووی سێکسگەرایی 1976) کاری لەسەر کردوون. کەوابێت، "لە فوکۆوە فەری ئاوە بووین جەستەی زیندوو ئامانجی هەموو سیاسەتکانە". لەرە مەبەستی فوکۆ گشت جۆرکانی دەسەڵاتە. "هیچ سیاسەتێك نییە کە سیاسەتی جەستەی نەبێت"، بەڵام بەپێی فوکۆ جەستە بوونەوەرێکی بایۆلۆجی نییە کە هەز بتوانێت کاری لەسەر بکات. وەکیتر، فوکۆ لە هاوەی ئاوەشدا بوو کە لێکدانەوەی مێژوویی بە

ئەو تەکنیکە جیاوازانە بکات کە هەز تیایاندا کارگەی ژیان و مەرگی دانیشتوان دەکات" (وانەی ڤایرەس: پاولە پرسیادە). ئەمە بە واتای ئەوەش دێت کە بەسیاسیکردنی بایەلۆجی لەکاتی ئاسای و لەکاتی پەتاکانا شوێن بەخەی داگیردەکات و خودی کەرەناش کولتووری سیاسی ئەوروپایی جارێکیتر دەخاتەوە بەرباسی فەلسەفی.

فوکە بە ئایدز مرد

فوکە یەکێکە لە قووربانیەکانی "سیاسەتی جێستە" (2). شاردنەوەی دووچاربوونی جێستەی فوکە بە ئایدز بەشێکە لە تەڕی بایۆپۆلیتیك کە خودی فوکە بەرهەمهێنەریەتی. هەر بەیشە پێکەوەلکانی پاندەمی کەرەناڤایرەس و بایۆپۆلیتیك ناوی ئەم بیرمەندە فەرەنسییە دەوروژێنێت. لە ناوەراستی ساڵی 1981 بەولاوە "ناوەندی کۆنترۆلی نەخۆشیەکان و خۆپارستنلەیان" (CDC) لە ئەمەریکا چەند حاڵەتێکیان دەستنیشانکرد کە ناوی "ڤایرەسی دابەزاندنی بەرگریی مرۆڤ، HIV"ی لێنرا. واتە، ڤایرەسی نەخۆشی ئایدز. ئەم نەخۆشیە بە زەری لەناو هاوڕەگەزبازەکانا بلآوبوەوە و میشەل فوکەش یەکێك بوو لەو کەسانەی لە فەرەنسا لە ساڵی 1983 دووچاریبوو و پاش ساڵێکیش ، 25/06/1984 ، کوشتی. ئەو کات نەخۆشیەکە نە لەناو خەڵک ئاگایی پزیشکی لەسەربووە و نەش پزیشکانی فەرەنسی زەر ئاشنابوونە پێی. بەپێی دانپیاهێنانەکانی دانیال دەفەر (Daniel Defert) ی پارتنەری فوکە بێت ، فوکە ئەم نەخۆشیەی لە ئەمەریکاوە لەگەڵ خێی هێناوە. فوکە پێش مردنی بە ماوەیەك لە سەفەرێکی زەردا بوو بە ئەمەریکا و لەوێش سەردانی یانەی هاوڕەگەزبازەکانی کردووە. ئەو دەمەی فوکە بە ئایدز دەمرێت فەرەنسا لەبەر هەندێك ئیعتباراتی خەزانی و سیاسی بە ئاشکرا باسی لە نەخۆشیەکەی فوکە نەکردووە. هەمان ساڵی مردنی فوکە پارتنەرەکەی (لە 1963 تا کاتی مردنەکە لە 1984پێکەوەژیان) ڕێکخراوێکی بە داکەکی لە مافی تووشبوانی ئایدز دامەزراند کە تائێستاش بەردەوامە. لەبەر ئەوەی فوکە و دەفەر لەکاتی خێدا هاوسەرگیری فەرمیان نەکردبوو یان یاسای مەدەنی فەرەنسی ئەو کات ڕێگای بەم جۆرە هاوسەرگیریانە نەدەدا ئەمە وایکرد کێشەیکی یاسای زەر بە دەفەر پاش مەرگی فوکە دروستبێت و بە ئاسانی نەبێتە خاوەنی ئەو میراتەی (شوقە، ئەرشیف و پەرتووکخانە) فوکە بەی جێهێشتبوو. کەسوکاری فوکەش ڕێگرنەبوون لەبەردەم وەسیەتنامەکەی فوکە، لە تا ئەم ساڵانەش دەفەر کێشەی فرێشتنی شوقەکەی فوکە و ئەرشیف و پەرتووکخانەکەی هەبوو.

کەرەناڤایرەس و دووبارەبیرکردنەوە لە بایۆپۆلیتیك

بایۆلیتیك زاراوەیەكە سەرەتا لەلایەن فوكۆوە بەكاربراوە و دواتر بواری بەكاربردنی لەسەر دەستی هەندێك بیرمەندی تر، بەتایبەت ئیتالی (ئاگامبەن، ئانتۆنی نیگری، ڕوبێرتۆ ئسپۆزیتۆ Esposito) ، بەرینتر بوو. بایۆلیتیك دوو زاراوەی گرنگمان بیردەخاتەوە كە ئاوەژوو سەكسگەرای"" لەژەرناوی""مافی مەرگ و دەستات بەسەر ژیانەوە"" ئەم لایەنە بە ووردی ڕاڤەدەكات، كە پاشان ئاگامبەن لە بەشی دووەمی پەرتووكی""هەمەساكەر: دەستاتی سەروەری و مرۆڤی ڕووت""دێتەسەر ئەو لایەنە تەریانەی فوكۆ بە كراوەیی جێهێشتبوون، لەوانە "سەروەری و مرۆڤی ڕووت"، كە بەهۆیەوە ئەوەمان بۆ بەرچاوبدەكات كە چۆن دەستاتی سیاسی بۆ دەستگرتن بەسەر ژیانی بوونەوەرەكان هەزی خۆی بەكاردەبات. فوكۆ لە توێژینەوەكانیا ئەم لایەنەی بە لەكدانەوەی كەسی ناجۆری كەمەگەش (لادەر، پەناهەندە، شێت، نانەرمال یان ناساغ و..)بەكاربردووە. فوكۆ لەگەگای بایۆلیتیكەوە هەوەی شیكاركردنی پەیوەندی هەزی داوە بە جەستەی كەمایەتییەوە. شیكاركردنەكەی زەرتر ئاراستەی كەمەگەی مەدەرن كردووە. هەر لەبەرئەوە بەهەی بایۆلیتیكەوە باس لە كەمەگەی سەروەریش دەكات كە بەرەو كەمەگەی دیسیپلین دەوات و تیایا ژیانی خەڵك چاودێركرێت و ، خودی ژیانەكەش وەك ئامرازێك بۆ بەرژەوەندی نیشتیمانی بەكاردەبرێت. بەپەی فوكۆ بەاوبوونەوەی تەكنیكەكانی دەستاتی بایۆلیتیك ،وەك تەڵك لە هەز، بواری یاساییەكان تەدەپەڕنێت تا ببێتە هەزێكی ئاسایی و لەوسەریشەوە گشت ژیانی جەستەی تاكەكان بگرێتەوە (لای خەمان جەستەی سەردەشت عوسمان نموونەیەكە لەسەر ئەمە). كەواتە، گەوهەری تێگەیشتنی فوكۆ بۆ بایۆلیتیك لە شیكاری پەیوەندی هەز بە جەستەوە خۆی پووختدەكاتەوە. جەستەی تاك لە كەمەگە لە گەگای دیسیپلینەوە قەرخدەكرێت. دامەزراوەكانی كەمەگە ،كە دامەزراوەی سیاسیشن (نەخۆشخانە، قووتابخانە)، شوێنی پیادەكردنی ئەم دیسیپلینەن. بایۆلیتیك لە كەمەگەی نوێ بەپەی تەكنیكەكانی هەزی نوێ بەدەوەدەچێت كە ئەوەش دەستدەگرێت بەسەر ژیان و مەرگی خەڵك، لەدایكبوون و مەرگ، تەندروستی تاكەكانی كەمەگە (كەوتنەدوای د. عەبدولستار تاهیر شەریف تا مەزرەعەكەی و كوشتنی لەنەو زەدی خۆی نموونەیە لەسەر ئەتكردنی جەستە بەپەی پەیستی سیاسی).
بایۆلیتیك بواری كارکردنی خۆی هەیە. بەنموونە كاتێك درم و پەتا

بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیاوازە. واتە بایۆپۆلیتیك هەردوو لایەنی سیاسی و تەندروستی پێکەوەگرێدەدات و، پشمانەتی تەندروستی شتێکی بە لایەن نییە و شوێنکیشە بە پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتیشە. هەر دەوڵەتیشە دواتر سەروەری دروستدەکات کە ئۆرگانیزمی دابەشبووی لەو سەرووە بەشێك لە سیاستی بەکاربردنی جەستە. بۆیە زانینمەندی فوکۆ بەت بایۆپۆلیتیك بوارێکی شیکارییە بۆ کارکردن لەسەر ئاسایش، دیسیپلین و سەروەری. هەریەك لەوانەش پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. سەروەری پێویستی بە پیادەکردنی دیسیپلینە. بە ئۆرگانی ئەم دیسیپلینە پیادەبکرێت دەسەڵاتی سیاسی پێویستی بە دامەزراوەیە: قوتابخانە، نەخۆشخانە، بەندیخانە، ئەمانگای پۆلیسەوە ئیشی خۆیان دەکەن. ئیشکەش بریتییە لە بەرهەمهێنانی تاکەکانی کەمەگە بەو جۆرەی میکانیزمی دەسەڵات پێویستیپێیەتی. بایۆپۆلیتیك لەگەڵ هاتنی مۆدێرنە وا لە سیاسەت دەکات دەستبخاتە ژیانی خەڵکەوە. بەڵام پێش مۆدێرنە مامەڵە لەگەڵ دەستەی بیمار و ناساغ ئاقاری تری وەرگرتووە. هەر بۆنموونە، گوڵی Leprosy کە بەهۆی بەکتریایەکەوە سەرهەڵدەدات و دەبێتە هۆکاری دروستکردنی لیپر، بۆیە فوکۆ بەت، کە لە یەکێك لە نووسینەکانی (مێژووی شێتی) دا هەمای بەکردووە ، گوڵی لە سەدەکانی ناوەڕاست دا وەك نەخۆشیەك سەیرکراوە کە سزایەکی یەزدانییە و کەسی گوڵ بە دورخستنەوەی لە کەمەگە لە گولیەدەخرێت. ئۆرگانیش بەهۆی مردنکی مۆدێنیەوە کە لە ئاهەنگکی دیاریکراودا بەیدەسازێنرێت. گول کەسکی پیس و پێویستە لە کەمەگە دوورخرێتەوە و مردنکەشی لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیتی. لێرە جەستەی نەخۆش جەستەیکی لایەندارە و شوێنی دروستکردنی مەترسی و لەخۆگرتنی درمی نادیارە. بەمجۆرە جەستەی گول جەستەیکی گوماناوییە و خەزگارکردن لێی پێویستە.

سەرباری هەموو ئۆوانەی وترا، ئەو جۆرە هەڵەی لەناو بایۆپۆلیتیکدا کاردەکات هەڵکی نوێیە و جەستە و ژیانیش دەکاتە بواری کارکردنی خۆی. بەیە فوکۆ لە تێڕی بایۆپۆلیتیکدا پێیوایە کە، کەرەنتین سەرەتای پیادەکردنی ئەو هەڵە سیاسییەیە کە لە بایۆپۆلیتیکدا پەنهانە. واتە، کارکردن لەسەر قەرخکردنی ژیانی دانیشتوان (جەستە و زیندەگییان). ئەمە وادەکات دەزی شاریش لەژەرسایەی کەرەنتین بگەڕێت کە خۆی لە هەندك لایەن پووختدەکاتەوە: دابڕان لێکتر، ئاگرتنی پاکوخاوێنی شار، تەکچوونی پێوەندی نێوان مەرگ و لەدایکبوون و زەر شتیتر. هەر ئەم جۆرە سیاسەتش توانای ڕکخستنی چاودێری تاکەکانی کەمەگە و هەزی کەنترلکردن شیاودەکات (2). لەماوەی کەرەنتینە وردەکارییەکانی پاراستنی شار و خەڵکەکەی

لایەن دەسەڵاتی سیاسی تەندروستییەوە هەیە ئاوڕیە کە فوکۆ لە ""چاودێری و سزا "" لە بەشی سێهەم بەناوی ""(چاودێری هەموو، Le panoptisme "" باسی لێوەکردووە.

پزیشکی و بایۆلۆجی بوونە بەشێك لە دەسەڵاتی سیاسی لە سەردەمی کۆرۆنا

بایۆهێز (زیندەگی هێز)(biopouvoir/ biopower) چەمکێکە لە چەرکانی هێزی سیاسی کە دەسەڵات بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە پیادەیدەکات. دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگەی نوێ لەڕێگای هەندێك تەکنیکی خێرا و (تەکنیکی لەدایکبوون و مردن) جەستە و ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە کۆنترۆڵدەکات. بەم چەرکە، لەڕێگای تەکنۆلۆژیای بایۆپۆلیتیکی فوکۆوە لەو حاڵەتەبین ژیاندان بە کوشتن و ژیانوەرگرتنەوە لە کۆشك ئیشی سیاسەتە(کوشتنی کاوە گەرمیانی). پەیوەندی نێوان خودی دەسەڵات و کوشتنیش هەر دەچێتە ئەم خانەیەوە. مەبەستی سیاسییەکان لە کۆن و لە ئێستادا ئەمەیان پیادەکردووە. جەستەی جووڵەکە بەدەستە نازیەکانەوە، جەستەی کورد بەدەست ئینفالچیەکانەوە، جەستەی فەلەستینییەك بەدەست ئیسرائیلیەکانەوە، جەستەی جەزائیریەکان بەدەست کۆلۆنیالە فەرەنسیەکانەوە. لەڕاوە تەکنۆلۆژیای کۆنترۆل لەدایکدەبێت کە کۆنترۆلی جەستە و ڕۆحی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات، کە ئەمەش بەسیاسیبوونی ژیان یان مردن لەگەڵ خۆی دەهێنێت. فوکۆ لە پەرتووکی""پەیوستە داکۆکی لە کۆمەڵگە بکرێت""باس لەوە دەکات کە "کە بژێت و کە بمرێت". ژیان لەمحاڵەتەدا دەبێتە سیاسەت و مردنیش هەر لەژێرکۆنترۆلی سیاسەتدا دەبێت. کۆتای ژیان، کە مەرگە، سیاسەت دەستنیشانیدەکات (شێوەی مردنەکەی بەنموونە مام جەلال و کاك نەوشیروان یان یاسر عەرەفات، ئەو داستانەی لەسەر مەرگیان دروستکرا). واتە سیاسەت مەرگی جەستە دیاریدەکات. لەسەردەمی حکومەتی سارکۆزی ویستراگەی ئەلبەر کامۆ لە گۆڕستانکی باشوری فەرەنساوە بە گۆڕستانی مەزنەکان، پانتێۆن (Panthéon)، لە پاریس بگوازرێتەوە، بەڵام کاترینی کچی کامۆ ئەو پێشنیارەی سارکۆزی ڕەتکردەوە. ئامانجی سیاسی لە پشت ئەم کردارەی سارکۆزییەوە بوو. پیرۆزکردنی جەستەی مردوو، مردووەك کە دەکارێت هاوکێشە سیاسییەکان بگۆڕێت (بەنموونە هەوڵی گۆڕانەوەی گەڵەی نازم حیکمەتی شاعیری تورك لە مۆسکۆوە بۆ تورکیا، یان شێوەی ناشتنەکەی بن لادن: تەرمەکەی هەڵدرایە ناو دەریاوە). بازرگانیکردنیش بە مردووەوە لە بەشێك لە پرسکانا بەشکۆ لەم لایەنە.
ژیانی خۆك کە بریتییە لە ژیانکی جەستەیی تەندروستی جەستەش

بابەتی شیکاریی. لەم حاڵەتەشدا سیاسەت لەگەڵ زیندەوەرناسی مرۆڤ یەك دەگرێتەوە کە تەندروستی خەڵك (یان گشتی)یش لەخۆدەگرێت. ژیانی جەستەیی خەڵك کە بەهەی زیندەوەرناسییەوە دەبەستە بابەتی شیکاری بە تەندروستی ئەمە وادەکات پزیشکی لەگەڵ زیندەوەرناسییەوە بەتەناوەوە. واتە، جەستە بەهەی زیندەوەرناسییەوە دەبەستە بابەتی سیاسەت. فوکۆ لەم هەوڵەوە سەرچاوەیەکی ئەپیستیمیی(مەعریفیی) بە بابەتی قەرخکردنی جەستە لەلایەن دەسەاتەوە. خەڵك بەیارمەتی "تەندروستی گشتی" public health یەوە دەبەتە بابەتی دەسەاتی تەندروستی کە دەسەاتە سیاسییەکەش لەخۆدەگرێت. بەمجۆرە، پاش ئەوەی جەستە دەبەتە بابەتی تەندروستی، کە دامەزراوەیەکی پزیشکییە و بەشێکیشە لە دەسەاتی سیاسیی، دەبینین کە تەندروستی ئیشی کارکردنە لەسەر بوونی جەستە. جەستە لەڕەوە دەبەت موڵکی ئەویتر، بەسیاسیدکرێت و لە خاوەندارێتی "خودی" یەوە دەگوازرێتەوە بە خاوەندارێتی "ئەویتر". بەنموونە جەستەی جوولەکەیەك کە دەبەتە بابەتی شیکاری و موڵکی نازیەکان یاخود جەستەی کوردێك کە بەدەست بەعسییەکانەوە دەبەتە شوێنێك بۆ یاریپێکردن و ماماڵەپۆکردن (سوتاندن، لەسەدارەدان، شەواندن و تادەگاتە زیندەبەچاڵکردن). لەژێرسایەی ئەم جۆرە ماماڵەکردنە بە جەستە دەسەاتی سیاسی بوارێك بۆ دادەریکردن بە جەستە دەدەزێتەوە. واتە جەستەی "تە" تەنیا موڵکی "تە" نییە، موڵکی ئەویتری سیاسیشە (بەنموونە ئادەستنەکردنەوەی جەستە کەرەناویەکان بە خەزانەکانیان یان جەستەی هەندێك سەرکردەی مەژووی یان سیاسی بە کەسوکاریان). لەڕەدادەریکردن بەمانای ئەوە دێت کە دەسەاتی سیاسی مافی ژیاندان بە جەستە، قەرخکردن و لەناوبردنیشی هەیە. بەم جەستە شتێکی شاراوە نابێت و شوێنکیشە کە دەسەاتی تەندروستی، کە هەوایەتیەکەی لە دەسەاتی سیاسییەوە وەردەگرێت، دەکارێت بەیار لەسەر چارەنووسی جەستە بدات. واتە، دامەزراوەی تەندروستی لەوە دەردەچێت تەنیا بریتی بێت لە شوێنێك بۆ دیاریکردنی بیماری یان ئێش ، بەڵکو شوێنکیشە بۆ دەستنیشانکردنی ماهیەتی جەستە و چۆنیەتی قەرخکردنی. بەم دەرمان و چارەسەر بۆ لایەن نابن (سیاسی لە چ نەخۆشخانەیەك دەخەوێنرێت و میوانکانیشی کە دەبن؟). نەخۆشی کەسایەتی دیاریدەکات و کار لەسەر ئیعلانکردنی ناسنامەی جەستە دەکات. نەخۆشیکانی جەستە دەشاردرێنەوە. جەستە دەبێت بە بەشێك لە نهێنی (مردنی فوکۆ بە ئایدز). ئاشکراکردنی نهێنی جەستە تەڕەری بەدواوە دەبێت. کە بە چی مرد؟ کە چۆن مرد؟ زەربەی رووداوەکانی تەڕەر و کوشتن، کوشتن بە ئازاردان و یان دەرمانخواردکردن و زەر شتیتریش دەچنە خانەی ئەو گفوگۆیانەی دەشێت بکرێن لەسەر: نهێنی جەستە،

نهێنی مەرگ، سیاسەتی مردن یان سیاسەتی جەستە. مەرگ کە واتای جەستە لەخەدگرت بە لایەن نابێت. بەیە دەسەڵاتی سیاسی مانا بە جەستە، بە مەرگ دەدەزێتەوە. بەهای جەستە و بەهای مەرگەکان بەیەکتر تێکەدەبن. ساڵانێك دەوترا کە پێش دووەم کاندیکردنەوەی سەرکی فەرەنسا میتێران Mitterrand دەنگی ئەوە هەبووە کە شەرپەنجەی پرۆستاتی هەبووبێت و ئەمە لە عەوام شاردراوەتەوە. نهێنیکانی جەستە و سیاسەتی بندەستکردن و داگیرکردنی جەستە بەزمی زەرە و کەرەناش سەرلەبەر ئەم بابەتەی گەیی و جەستە جارێکی تر بوونە بە بابەتی تەندروستی سیاسی و دەسەڵاتی بایۆلۆژی.
کەرەنا مەرگی بە سیاسیکرد. بەسیاسیبوونی مەرگ سەرچاوەکەی بە بەسیاسیکردنی جەستە دەگەڕێتەوە. لە ترسی دووچارنەبوون بە کەرەنا و ڕەگاگرتن لە تەشەنەسەندنی پەتای کەرەنا داوایلێکردین جەستە بشارینەوە. بەیە جەستەی کەرەناوی ونکرا و بە ناسنامە کرا. خە نەناسکردن لە جەستە بوو بە بابەتی کەرەنا. کەرەنا و جەستە هەکاربوون کە کەرەنا و مەرگ لەیەکتربئاڵێن. کەرەنا ئۆژەت: جەستەی کەرەناوی ترسناکە. جەستە ونکردنی پەویستە، لەرە ونکردن لەڕەگای شاردنەوەی جەستە لە شوێنکی نادیار لە خە دەگرێت. مەرگ نادیارکرا، چونکە جەستە نادیارکرا یان بە ناسنامە کرا. ترس لە جەستەی کەرەناوی بوو بە ترس لە مەرگی کەرەناوی. کەرەنا کە مەرگ هێنرە جەستەی بە بەها کرد. کەرەنا هات تا جەستە قەزەوێنبکات، بەوەش مەرگ قەزەوێن بوو. قەزەوێنکردنی جەستە کە ناشرینکردنی مەرگی بەدەموویە پێش کەرەنا نازیکان لە ئاوشویتز Auschwitz ، لە ئەردوگا زەرەملەکانی سوتان و ئەتکردنی جەستەی جوولەکەکان، ئەنجامیاندا. دواتریش جەستە لە چەندین شوێنیتر، لەژێرسایەی دەسەڵاتە دیکتاتەر و ڕەگەزپەرستەکان گاتەیپەکرا و بووە هەمای نەتەوە و سیاسەت. چی بەسەر بەسنیەکان نەهات لە شەڕی بەڕقانی 1991؟ لەرە دەشێت قسە لە کاریگەریەکانی بایەهێز (Biopower) بکرێت. فوکە لە سیمینارەکانی کۆلێجی دە فرانس، نووسینی ""ویست بە هێز"" و ""چاودێری و سزا"" واتای بایەهێزی بەکاربردووە و ئامانجیشی لە بەکاربردنەکەی ئەوە بووە کە ئەوەمان لاوونبێت کە دەسەڵاتی سیاسی دەستدەگرێت بەسەر ژیان bios ی خەڵکەوە. بایۆپۆلیتیك لە تەگەیشتنی فەلسەفی فوکە بریتیە لە دەسەڵاتی دەوڵەت کە قەرخی ژیانی جەستەی مرۆڤ دەکات. نازیەکان باشترین نموونەن لەسەر ئەوە. ئەنفال کە جەستەی مرۆقی کورد ئەتکدەکات، جەنەسایدی ڕوەندا Rwanda یان ئەرمەنیەکان.
پەراوێز: (1). بەپێی ئەرشیفی نووسینەکانی فوکە بێت ناوبراو لە ماوەی ساڵانی 1965 بە 1976 پێنج جار سەردانی بەرازیلی کردوە و

لەو چەند سمینارەکی سازکردوە کە تەوەرەکانی تایبەت بوونە بە: کۆچاودێری (Panopticism) ، هاتنەدونیای پزیشکی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگای سزادان، پێکهاتەکانی نەخۆشخانە بە تێکنەلۆژیای نوێوە، ویست بە زانین یان ئەدیپس و چەند باسێکیتر کە دەچنە خانەی شیکاری لەمەڕ قەیرانی پزیشکی، دامەزراوەکان، زانین و هێز لەوانەش گرنگتر بابەتە سەرەکیەکەی فوکۆ، بایۆپاڵیتیك، کە تێکەڵەی ئەم لایەنانە لەخۆدەگرێت ، کە دواتر لە کارە چاپکراوەکانی ساڵانی پاش 1976 ڕەنگدانەوەی خۆیان هەبووە. لەڕە مەبەست پەرتووکە ناسراوەکانیەتی: ""چاودێری و سزا"" و بەشی یەکەمی ""مێژووی سێکسگرایی"". جگەلەناو فەرەنسا لە بەرازیلیش بە زمانی پرتوگالی لەم ساڵانەی دوایدا قسەیەکی زۆر لەسەر سەردانەکانی فوکۆ بە بەرازیل ،و ئەو وانانەی لەو ماوەیدا لەوێندەرێ وتونیەتەوە، کراء. تەنانەت هەڵوەستی بەدەنگانەی فوکۆ سەبارەت بە دەزی سیاسی ئەو دەمەی بەرازیل و بەدواچوونەکانی پالیسی نهێنی بەرازیلی لە ئامانجی سەفەرەکانی فوکۆ بە ئەو وڵاتە قسەی لەسەرە.
(2). لەکاتی ناشتنی فوکۆ ژیل دولەز (Deleuze) پەیگرافێك لە پرتووکی"" مێژووی سێکسگرایی"" فوکۆ بەنموونە وەردەگرێت و دەیخوێنێتەوە. دولەز، بەپێی نزیکی لە فوکۆوە، یەکەم کەس دەبێت پاش مەرگی فوکۆ پرتووکێك لەسەر فوکۆ بەناوی"" فوکۆ""وە، لە 1986، دەنووسیت. لە کۆتای 1969 فوکۆ لە لەدوانێك لەگەڵ دوو خوێندکاری خۆی کە بەچەپێك ئەمریکی دەبن ،وێك دانپیاهێنانێك بە تواناکانی دولەز، بەم جۆرە دولەز ناوزەددەکات :""ڕەژێك دێت ئەم چاخە بە چاخی دولەزی ناودەنرێت "" ، کە دواتر دولەز وەڵامی فوکۆ لەڕێگای هەمان ئەو خوێندکارانەوە بەم جۆرە دەداتەوە:"" فوکۆ لەبەر سادەی خۆی بەو جۆرە پێناسەی "من" دەکات ، ئێگەرنا ئەوە فوکۆیە چاخێکی بەناوەوە دەنرێت نێك من"".

ئازاد حەمە

[بۆ خوێندنەوەی بەشەکانی تری ئەم بابەتە کلیکی ئێرەبکەن .....]

لە هەوەسی مۆبایل و تەومبەلەوە بۆ هەرەسی شەهادەت و فێرکاریی ... هەندرێن

ئێستا و لێرەدا بوار بۆ ئاخاوتن لەسەر ڕەوشی پەروەردە و خوێندن دوای ڕژێمی بەعسی ڕووخێنراو بۆ دەستی ئەمریکا لە کوردستان نەخساوە، هەروەک مۆبەستیش نییە باس لە چاکە و خراپەی ئەو بەیارەی وەزیری خوێندنی باڵا و پەروەردە بکرێت، چونکە کێشەکە لەمە و لەوەهێش دوورترە.
بۆ گوتنێکی دیکە، دەخی پەروەردە و خوێندن لە کوردستاندا دەمکە لە داوەشاندا دەژیت. بۆیە ئەو ڕەوشە وەک زەربەی بوارکانی دیکە، هەوەشاندنەوە و بونیاتنانەوەی گەرەکە، کە ئەمیش ئیرادەی سیاسەتێکی پرژیمی مرۆڤسازیی و پەروەردەکارگەلێکی لە پەروەردەخوازیی لەهاتوو دەخوازێت.

ئەوەی لێرەدا ڕەنگە جێگەی ڕامان بێت، نەک تەدامان، ئەوەیە، کە ئاگەر بتەوە لەو دیاردەی هەوەسی ڕووکردنە خوێندن و شەهادە تێبگەیت، گەرەکە ئاوە لەو چەند ساڵەی ڕابردوو بدەیتەوە؛ بە دیاریکراوی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بدەیتەوە.
وەک دەزانین، دوای ئەوە بە هەی ئەو دەخە سیاسیی و ئابووریەی کە دوای ڕژێمی بەعس هاتە کایەوە، خەلکی تووشی دەردی پارە، ماددە،کاڵا؛ بەرخەرییەک لە فیتشیزم، واتا کالاخوازییەکی تێرنەبووی کرد.
بەمجۆرە سەرەتای ئەو دەردی فیتیشیزم(Fetischism)ە،هەوەسی نەدی و بدیە بە کاڵای مۆبایل، خواردن، خانوو، و عەرد کەین و تشتومەک، کە نەخشیەکی بکوژی دەخی سەرمایداریە، دەستی پێکرد.
بۆیە تێلەفۆن بە دەیان ناوی سەیر و سەمەرەی وەک ناوی ژنانی قەڵەو، بارک، گەرانیبەژ و سیاسیی و میاسی چووەندران و تێلەفۆن بە گەورە و بچووکانی کورد، جیگەی بووکەکە و دەمانچەی ژبەر پشدەنانی گرتەوە.
هاوکاتیش خەلک شێت و شێدای مەدە مەدەلی تشتومەک، خانوو سازکردن و خواردنی فشە بوون.

دوا بە دوای ئەو بزمەوە، خولیا و خەونی دیاردەی مەدە و مەدەلی تەومبەل خوازیی وەک ئافات عەوام و حەشاماتی تووشی دەیان کەتن

کرد، تا وای لێهات منداڵ و مێردمنداڵیش لێ ماڵکان گێناگێیان بووە دەگرت، ئەگەر تەومبەلێکی لێو مەدەلە باوانیان بە نەکەن یان دەچن بە خاریج یان کەتنک دەکەن.
سەرنجڕاکێش لێوەدایە، مەدەلی تەومبەلان لێ کەمەگەیەکی نائازاد لێ ئۆفیندارییە و سێکسبرسییدا، بوو بە هۆوەسێکی سێکسیی، بەیە تەومبەلی گران و باش بەناوی ژنە گەرانیبەژ و مەدەلە سێکسیەکان کران، وەک مەنیکا و... تاد.

لێ ئەنجامی ئەو ئافاتی فیتیشیزمی تەومبەلەدا، نەک هەر وەک بەردەواميیەک لێ داگیرکردن و تاڵانکردنی ژینگەی شارەکێ و سروشتی کوردستان، تەومبەل نەک هەر بوو بە نەخۆشی ، بەڵکێ رئژەی مردن بە دەعمی تەومبەلان لێ شەیخەکوژیی و شەڵەی چەکداری پەشمەرگەیش دژی بەعس زیاتر بوو.

ئیتر ئەوها ئەو دەخێ سیاسیی و پەروەردەکاڵا و کەوکاریی، دیاردەی زانکێ دروستکردنی لێ هەموو شارەکانی کوردستانی دەسپێکرد، کە ئەگەر بەڵای داعش و بەزمی نەدانی بوودجەی لێ بەغدا نەبوونایە، زانکێ لێ گوندیش دەکرایەوە.
بەمجەرەێ زانکێ لێ جیاتی فەزایەک بە مرۆڤی نوێی زانینخواز، بوو پەشەنگەی مەدەنی و مەدەلی جەستەی جل و بەرگی هەوەس سووتێنەران.
لێوەش بترازێ، بە ئەهلیکردنی زانکێ، زانکەی کرد بە نموونەیەک لێ کەمپانیای بازرگانی، کە ئەمەیش تێگەیشتنەکێ لێ لاساییکردنەوەی سیستەمی نیولیبرالیزم، کە بە کوردستان زەر زوو بوو.

بەیە ئەو تێگەیشتنە لێ کردەی خوێندن و شەهادەداریی لێ لایەن حیزبە حکومەانکانەوە وای لێ خەڵک کرد، لێ دوورترین گوندەوە بە شارەکەکان، بە دەستهێنانی «شەهادە» و خوێندن لێ زانکێ ، وەک دیاردەی پەشووی هەوەسی کاڵا، خانووکەین، مۆبایلخوازیی ، تەومبەلپەرستی، ببینێت.
ئەمەیش وایکرد، تەی کیژیان کوێ شەهادەی زانکێت نەبێت، کەس نە مەردت پێ بکا و نە بشتخوازن.

لێوەش خەشتر، ساڵانە بە بەهانەی عەنتیکە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکەکان کەتای ساڵ پێنج تا دە نمرە بە گەترە بەسەر قوتابیان وەک جەزنانە، سەدەقە، خەرات و دیاریی دابەش دەکرێن.

ئەو وێناندنە لێ پەروەردە و شەهادەداریی وای لێهات، کە ساڵانکێ شەهادەی بە کەڵەری لێ زانکێ، وەک تەومبەلی مەدەل ئاسایی و

مەبایلی ئاسایی و خانووی ئاسایی، کە لەسەرتادا هەبوون، باوی نەمایوون، بەڵکە لە هیکەا مادەی ماجستەر، دکتەرا و پلە و لەقبی بەرزتر ، هەبەت زەرینەیان بە زانینکی نوێش، بوون بە گرەی مرۆڤ لەر.
بەمجەرە خەریکە پێشگری دکتەر و دختەر لە جیاتی ناوی سیانی مرۆڤ لەر، دەبن بە ناوی سەرکی.
بەزمکە وای لەهاتووە بانگکردنی خەڵک بەناوی خحی عەیبە بەت؛ بە من نەڵی دکتەر فان دختەر، مەبەت لە بکەم!
لە ئافاتی مادەی قات و بەینباغیش هەر بگەڵ!

لەو دیدەی گوترا، کێشەی ئەو بەیارەی وەزیری خوێندنی باڵا لە هەڵە و راستی ئەو ێیارەیدا نییە، هەروەک کێشەکە لە فەربووون و فەرنەبوونی ئەو ماوەیش نییە کە بە هەی کەرنتینەوە دەرسەکان نەخوێنراون، بەڵکە کێشەکە لەو فەرکردنەی خانیبوونی قوتابی/خوێندکارەی کوردە بەو بەیارە!
هەروەک کێشەکە لەو هەوەسی بە فشە سیرکردنی ژیانی زانکە و خوێندن و خوێندەواریە. هەروەک پێویستی بە بیرکردنەوە لە خولیای خوێندن و داهێنانە لە لایەن ئەو تاکەکەسانەی کەمەگەوە.؛ بیرکردنەوەیە لە بەهای زانین لە دیدی مامەستا و خوێندکار/قوتابیان لە پێوەندی بە خوێندنەوە.

لەوێش هەژەندەنەرتر، پرسیار ئەوێە، ئاخە داهاتووی ئەم کوردستانە دامالەنراو و تانکراوە بە دەستی دەرکیی و ناوکیەوە، فەرکردن ئەو نەوێە بەمجەرە تێگەیشتن و زانینە لە پەروەردە، زانین و ئەخلاقی رەجەبیی و بندیواریەوە، چەن بەهەوە دەچێت؟

لێرەوە من ئەو ڕەوشی پەروەردە، وەک جومگەیەک لە کەی جومگەکانی جەستەی کەمەلگەوە، بە ڕەوشەک لە «Decadence»، واتە دامان، داوشان، داوخان لە بەهای زانین و بگرە بوونی بەهای چاکە دەبینم.

لێ بەرسڤی ئەو پرسیارە بە ئەو نەوێە خەی دەمەنتەوە، ئەگەر بەو جەرە ئاکارە لە خوێندن و پەروەردەیەی کە خوازرییەتی، فەری ئێتیکی ژیانیکی ئێستێتیکی چاک بوو بیت!

هەندرەن

تێبینی! ئەو دوو وێنەیە، ئاماژەیە بە چەمکی پایدیا، واتە

پەروەردە لە رۆژگاری گرێکی کۆن و بە دواوە. بە ئاوانێی بخوازن دەکارن بە رەگی چەمکی پەروەردەدا بچنەوە.

لە ساڵانی (٧٩) ساڵی یادی فەرهوود و کۆمەکوژیی جوولەکەکان لە عێراقدا.. رۆزا شوان

چەند سەد ساڵێک لە پێش مێژووی زاینیدا، ئیمپراتۆرییەتی ئاشووری و ئیمپراتۆرییەتی بابیلییەکان، هەریەکەیان بە جیا و یەک لە دوای یەک، لە چەند هێرشێکی گەورەدا پەلاماری وڵاتی جوولەکەکانیان دا، لەو شوێنەی کە لە ئێستادا (دەوڵەتی ئیسرائیل)ە، وڵاتەکەیان لە داگیردن و ماڵوێرانکاریشیان تاڵان کردن.. ژمارەیەکی زۆریشیان لە کوشتن، بە هەزاران خێزانی جوولەکەشیان، لە وڵاتی خەیانەدا سەرگەردان و دەربەدەر و ئاوارە کردن، رووبان لە گەلە لە وڵاتانی جیهان کرد.. ژمارەیەکی جوولەکەی زۆریشیان بە یەخسیری و بە ماڵ و منداڵەوە هێنان بۆ کوردستان و بۆ عێراق.. لە هەموو ناوچەکانی کوردستان و لە ناوچەکانی عێراقیشدا نیشتەجێیان کردن.. ئاوەشیان لە قەدەغەکردن کە جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ زێد و وڵاتی خەیان.
وەکو چۆن لە پێشا ئاشووریەکان و بابیلییەکان، بە زۆر و بە یەخسیری جوولەکەکانیان هاورد بۆ کوردستان و بۆ عێراق.. کە لە (١٤/ یوونی/١٩٤٨) دا، (دەوڵەتی ئیسرائیل) راگەیاندرا. عێراق و هەموو وڵاتە عەرەبییەکان، دوای ئاوی کە هەموو ماڵ و سامانی جوولەکەکانیان تاڵانیکردن، کە بە رەنجی شان و بە کوڕەوەری پێدایان کردبوون، ناسنامەکانیشیان هەڵوەشاندنەوە و کەتاییان پێهێنان.. حکومەتی عێراق و هەموو حکومەتە عەرەبییەکان، بە زۆر و بە گیرفانی بەتاڵ و بە جانتایەکەوە، جوولەکەکانی وڵاتەکانیان، پێستانیانە نەو فڕکەوە و ناردیاننەوە بۆ ئیسرائیل.
جوولەکەکانی کوردستان، کۆنترین کۆمەڵە جوولەکەن لە هەموو جیهاندا، لە دەرەوەی ئیسرائیل دا.. لە زێر ڕووەوە جیاوازییان

لەگەڵ جوولەکەکانی تری جیهاندا هەبوو. میژووی بوونی جوولەکە لە کوردستاندا بو نزیکەی (٢٧٠٠) ساڵ دەگەڕێتەوە، لە ئەنجامی هەڵشی ئاشوورییەکان بۆ سەر وڵاتی جوولەکەکان، بۆ هەزاران جوولەکەیان دەستگیرکردن و وەکو یەخسیری جەنگ هێنایانن بۆ کوردستان، تا نەتوانن بگەڕێنەوە بۆ زێد و نیشتمانی خۆیان.. بەڵام جوولەکەکانی عێراق بوونیان لەعێراقدا، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (٢٦٠٠) ساڵ، لە سەردەمی (بابیلییەکان) دا، هەڵشیان کردە سەر وڵاتی جوولەکەکان و زیاتر لە (٤٠) هەزار جوولەکەیان بۆ ماد و منداڵەوە وەکو یەخسیری جەنگ، هێنانن بۆ عێراق و بۆ زێری لە شاری (بابیل) دا نیشتەجێیان کردن.
کاتێکیش کە ئیمپراتۆرییەتی ئاشووری لە ساڵی (٦١٢) ی پێش زایینیدا لە لایەن سوپای (ئیمپراتۆرییەتی میدیا)ی کوریەوە لە سەردەمی (کەیخوسرەو) شا دا، بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ (ئیمپراتۆرییەتی بابیلی) دا، هەڵشیان کردە سەر شاری (نەینەوا) ی پایتەختی دەوڵەتی ئاشووری و داگیریان کرد.. دەوڵەتی ئاشووری رووخا و کۆتایی بە دەسەڵاتیان هات.. شاری نەینەوا و شاری کەرکووکیش لە ساڵی (٦١٤) پێش زاینی، دوو شاربوون لە شارەکانی ئیمپراتۆریەتی میدیا کە پایتەختەکەیان شاری (ئەکباتان) بوو لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا.. لە دواییدا ناوەکەیان گۆی و بوو بە (هەمەدان).

کە لە ساڵی (١١٥٨) ی زاینیدا، مەغلییەکان بە سەرکردایەتی (هەلاکۆ) شاری بەغدا و بەشێکی زۆری عێراقیان داگیرکرد، مەغلییەکان رەشکوژییەکی گەورە و خوێنکی زۆری خەڵکی بەغدایان رشت.. بە رادەیەک دەڵێن، هێندە خوێن رژایە ناو رووباری دیجلەوە، ئاوەکەی سووربوو.. جوولەکەیەکی زۆریش لە نێو ئەو رەشکوژییەدا بوون. لە کۆتایی سەدەی چواردەمین و سەرەتای سەدەی پانزەمیندا، لە ترسی درێژدان بە کوشتن و چەوسانەوە لە لایەن مەغولییەکانەوە.. بەشێکی زۆری جوولەکەکانی بەغدا و خواروی عێراق لە ترسان هەڵهاتن و رۆیان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان کرد و نیشتەجێ بوون و نەگەڵانەوە.

دەینێ سەر کرەکی سەرناوی باسکەمان، دەربارەی (کارساتی فەرهوود) و تراژیدیای کەمەکوژی جوولەکەکان، بە دەندەترین شێوە لە شاری بەغدا لە ساڵی (١٩٤١) دا.
ژمارەی جوولەکەکان لە عێراقدا (مەبەستمان لە ناوەڕاست و لە خواروی عێراقە.. نەك کوردستان) پێش دەرکرد و ناردنەویان بۆ ئیسرائیل، بۆ پێی سەرژمێری (١٩٤٧) لە عێراقدا، زیاتر لە (١٣٠)

هەزار جوولەکە بوون.. لە هەموو شارەکانی عێراقدا بوونیان هەبوو.. زۆرترینیان لە شاری (بەغدا) دەژیان.. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا رێژەی جوولەکەکان لە (٤٠%) ی ژمارەی دانیشوانی شاری بەغدا بوون. لە دوای بەغداش، ژمارەیەکی زۆریان لە شاری (بەسرە) لە خواروو دەژیان.. لە ئێستادا، ژمارەی جوولەکەکان لە عێراقدا لە (١%) کەمترن. ئەمەش ژمارەیەکی زۆر کەمە. ناشوێرن بە ئاشکرا باس ئەمە جوولەکەین، ناشوێرن هیچ بڵێن و جێژن و ریوەسمێکی ئاینیان ئەنجام بدەن. بەتام لە باشووری کوردستاندا، لە ئێستادا نزیکەی شەش هەزار جوولەکە هەن.. بە فەرمی و بە ئازادی جێژن و ڕێوەسمی ئاینی خۆیان دەکەن.. نوێنەریشیان لە وەزارەتی ئەوقافی کوردستان دا هەیە.
جوولەکەکانی عێراق، زۆر بەوەی بوون و زیانیان بە هیچ کەس نەبوو. ڕەنگە گەورە و گرنگیان هەبوو لە بنیادنانی عێراق و لە پێشکەوتنیدا.. چونکە چینێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و داهێنەر بوون.. کەسایەتیەکی زۆریان لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی لە هەڵکەوت.. کارتێکردنێکی زۆریان لەسەر گۆشەکردن و پێشکەوتنی بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی عێراقدا هەبوو.. بە دەیان هونەرمەند و نووسەر و ڕۆشنبیری و زانای ناسراوی عێراق، قوتابی وشاگردی مامۆستایان و هونەرمەندان و زانایان و ڕۆشنبیرانی جوولەکەکان بوون.. بە یەکەمین جاریش لە سەدەی نۆزدەمیندا، لە ساڵی (١٨٦٣) دا (موسا بارخ مزراحی)ی جوولەکە، یەکەمین چاپخانەی بە بەغدا هێنا. یەکەمین ڕۆژنامەشیان بە ناوی (هادوفیر) واتا (دوێنێر) کە بە زمانی عیبری بوو هەر لەو چاپخانەیەدا چاپیان دەکرد و بڵاویان دەکردەوە.. چەندین پەرتووکیشیان هەر بە زمانی عیبری چاپکرد و بڵاویان کردەوە.

جوولەکەکان و کوردانی فەیلی، بەبەپشتی ئابووری عێراق بوون.. خاوەنی گەورەترین دوکان و کۆگا و بازاڕی بازرگانی و هاوردن و فرۆشتن بوون، وەکو بازاڕی (شەیجە) و بازایی (جەمیلە) لە بەغدا.. خاوەنی زەین و ئەقڵیەتێکی بازرگانی بوون.. بۆیە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسی ڕەگەزپەرستدا، لە (٢٤/٧/١٩٩٢) دا، بە بڕیاری دیکتاتۆر سەدام حوسێن، زیاتر لە (٤٢) گەورە بازرگانی بەغدایان گرت و لە سەدارییان دان، بەشێک لەو بازرگانانە کوردی فەیلی بوون.. هەندێک لە سەدارەدراوەکان بازرگانیش نەبوون، کریکار و کەسەهەگر و فەرمانبەر بوون لەو شوێنە بازرگانییانە، ئەوانیش لەگەڵ بازرگانەکاندا لە سەدارە دران.. ئەمەیە (یاسای دارستان). بازرگانەکانیش هیچ تاوانێکیان نەبوو، هەر ئەو ڕۆژی گرتیانیان بە

سبەینێکەی لە سەدارە دران.. چی سامان و ماڵ و پارەیەکیان هەبوو دەستیان بە سەریاندا گرتن.. مەبەستی سەدامیش سەروەت و سامانەکانیان بوو.. چەند بوختانێکیان بۆ لە سەدارەدانیان بۆ هەبەستن.

کارەساتی (فەرهوود): وشەی فەرهوود لە ناو عەرەبەکانی عێراقدا، لە کۆنەوە باو و بڵاو بووە.. وشەی فەرهوود لە زمانی کوردی دا، بڕانبەر بە وشەی (تاڵانیکردن) ە، یا دزین و بردن و داگیرکردنی ماڵ و سامانی خەڵکی بە ئاشکرا و بەبێ شەرم دێت.. ئەم کارە ناشیرین و قێزەونەش، لە سەردەمی خەلیفەکانی راشیدینەوە، بووە بەماوە و بەشێکی رەسەن لە ئایدەلۆژیا و لە کولتووری بگرە و عەرەب و ئیسلام، کە بە ناوی دەستکەوتەکانی جەنگەوە (غنائم الحرب)، تاڵان کردن و دزینی ماڵ و سامانی گەلانی تریان حەڵاڵ کردوون.. عەرەبی موسوڵمان، تا ئەمڕۆش بە شەرمانەوە درێژە بەم کارە قێزەونەیان دەدەن، یا بە تاوانیان دەدەن و بەڵکو شانازیشی پێوە دەکەن.. گەلی کوردمان، لە کۆن و لەم سەردەمە نزیکەشدا، گەورەتری قوربانیی ئەم ئایدەلۆژیە بگرە و نەرەبن.. چەندین جار لە لایەن نەوەکانی خەلیفەکانەوە ماڵ و ڕەنج و سامانی کوردیان تاڵان کردوون. بەیە زەر لە گەلانی جیهان بەبێ ڕەزی و بە چاوەکی سووکەوە لەم ئایدەلۆژیە بگرە و نەرەبی دەڕوانن.. کە بووە بە پێوەرێکی ڕەشی قێزەون و شەرمەزاری و بێبەشی و لێبڕاوی نابەتەوە.. بە (عەلی بابا) واتە بە (دز) ناویان دەبەن.

لە ساڵی (١٩٤١) دا، لە ئەنجامی ڕووخانی حکومەتەکەی (ڕەشید عالی گەیلانی) و ڕاکردنی بە ئێران، لەگەڵ ڕاکردنی چوار ئەفسەری سەرهەنگی سوپای عێراقیش بە سەرکایەتی سەرهەنگ (سەڵاحەدین سەباغ) کە هەرچواریان لە شەشەکەی ڕەشید عالی گەیلانی دا بەشداربیان کرد.. سەرهەنگەکانیش ئەمانە بوون (فەهمی سەعید، کامیل شبیب، مەحمود سەلمان، یونس سەبعاوی) کە گەڕانەوە بە عێراق، هەمووبان لە سەدارە دران.. ئەمانە بۆش تاوانبار کرابوون، گوایە هەڵگری بیرەکەی نازیبەتن و (نازی عەرەبی) بوون. حکومەت نەما و بەشاییەک کوتە دەستەوە.. دوای ئۆش کە سوپای عێراق لە شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای بەریتانیا، لە شاری (الحبانیه) شکان و بەرەو ناو شاری بغدا هەڵهاتن.. شا (فەیسەڵی دووەم) ی شای عێراق و خاڵەی ڕاسپێراوی (عەبدولئیلاه) و (نوری سەعید) یش، لە بغدا هەڵهاتبوون. وەکو دەڵێن: شار بە خاوەن بوو.

جوولەکەکان ڕۆژی یەکشەمەی ڕەکەوتی (١/ یووونی/١٩٤١) جەژنی (شەفئوت) یا جەژنی ڕۆژی دابەزینی تەورات بە جوولەکەکان بوو، بەم بۆنەیەوە خەیان گێبوون و لە گەرمەی خۆشی و ئاهانگڕاندا بوون..

گەنجەکانیان سەردانی پەرستگایەکیان کرد لە نزیک (فەکەخانەی موسەنای شارستانی). عەسری ئەو رۆژەش شا فەیسەڵی دووەم و عەبدولئیلاهی خالی و نووری سەعیدیش بە فەکە گەڕانەوە بۆ بەغدا، کەمێکی لاوی جوولەکەکان پێیان خۆشبوو و چوون بۆ فرۆکەخانە بۆ پێشوازی شا فەیسەڵی دووەم. کاتژمێری سەی دوای نیوەڕۆ بوو.. لە ناو فەکەخانەدا، دەمەقاڵێیەک لە نێوان سەربازە پاسەوانەکان و ئەو لاوە جوولەکانەدا رووی دا.. سەربازەکانی عێراق، داخی دێیان و خەم و شەرمەزاری هەڵهاتنیان لە بەردەم سوپای بەریتانیادا، وای لێکردن کە بە ناڕەوا پەلاماری ئەو لاوە جوولەکە بێتاوانانە بدەن و داخی شکان و شەرمەزرێیان بە ئەوان بڕژێن.. بە شێوەیەکی زۆر دەندانە، بە حەربە و بە تەقەڵکردن دوو لاوی جوولەکەیان کوشت و حەقدەشیان لە بریندار کردن.. هەر لەو رۆژەدا لەسەر پردی (مەئموون) یش دیسان ئەردووێکی تری سوپای هەڵهاتووی عێراق لە شەکانی ڕووبەووبوونەوەی سوپای بەریتانیا لە حەبانیەدا، ئیرێیان بە جوولەکەکان برد، کە جلوبەرگی جوانیان لە بەربوون و لە جەژن و شادی و خۆشیدابوون.. ئەوانیش بە حەربە و بە تەقەڵکردن چەند لاوێکی تری جوولەکەیان کوشت و چەندین لاویشیان لە بریندار کردن.. شەو گەورەتر بوو.. ژمارەیەکی زۆری سوپا و پۆلیس و عەرەبی خەڵکی بەغدا، لە پیاوان و لە ژنان، لەگەڵ عەربە بەدووکانی دووری بەغدا، بە تفەنگ و خەنجەر و شمشێر و چەقۆ و تۆر و تەماو و کوتەکەوە، لە هەموو کەسان و گەڕەکەکاندا، وەکو گورگی هار، بە شەوێکی دەندانە، پەلاماری جوولەکەکانیان دا.. رۆژی جەژنیان لە تاڵ کردن و بوو بە رۆژی دڕندەخ و مەرگ و ماتەمینیان.. زۆر بە بزێیانە، کەوتنە کوشتن و سەربڕین و فڕهوودکرن (تانیکردن) و دزی و دەستڕێژیکردنە سەر کچان و ژنانی جوولەکەکان.. زۆر و هاواری جوولەکەکان دەگەیشتە حەلحەلەی ئاسمان.. زۆریان لەکوشتن و سەربڕین، تەنانەت منداڵی ناو لانکیشیان سەربڕی، سکی ژنانی دووگیانیان هەدەدی.. بە بەرچاوی مەرد و برا و کوەوە، زۆر نامەردانە پەلاماری بە سەدان ژن و کچی جوولەکەیان دان و لاقەیان کردن، پەلاماری قوتابخانەیەکی ئامادەیی کچانیان دا و دەستڕێژیان بە سەر کچە جوولەکەکان کرد و لاقەیان کردن، تەنانەت کچی بچەکەڵی هەشت ساڵانیشیان لاقەکرد.. بەکو کارەکی قەزەوانی تریشیان ئەنجامدا، ئەندامانی زاوزێی نەرینە و مەینەی منداڵە جوولەکەکانیشیان دەسووتاند.. چیش ماڵ و سامان و پارە و خشڵ و زێڕی جوولەکە هەبوو، هەمووێان فەرهوود کردن، لە دواییشدا ئاگریان بە خانووەکانیانەوە دەنا و دێیان سووتاندن.. بە درێژایی دوو رۆژ و دوو شەو، واتە لە (١ــ ٢/ یوونی/ ١٩٤١) دا، دزی و فڕهوودکردن

و کوشتن و سەربڕین و سووتاندن و دەستدرێژیکردنە سەر ژنانی جوولەکە درێژیان هەبوو.. تانیکەران تا دەهات زیاتر دەبوون.. پۆلاماری دوکان و گەنجینە و کۆگاکانی جوولەکەکانیان دا چی هەبوون تێیاندا، هەموویان تاڵان کردن و دزییان، لە دوایشدا سووتاندیانن.. سوپا و پۆلیسی بەغداش، شان بە شانی دز و تانیکەران، ئاوانیش بەشداربوون لە دزی و لە تانیکردنی ماڵ و لە دوکانەکانی جوولەکەکان، عەرەب خەیان وتەیکیان هەیە دەڵین (حامیهم، حارمیهم) واتە (پاسەوانەکانیان.. دزەکانیانن) دزەکان و فەرهوودکەرانی عەرەبە ئیسلامییەکان، لەگەڵ خۆشی و هەستە هەڵبزینەوەدا، ئەم دروشمەیان دەوت:
(الله اشحلوا الفرهود، یا اسلام.. یاریت یعود کل سنة وکل عام) واتە (ئەللاە چەند خۆشە تانیکردن، ئەی ئیسلام.. خەزگە هەموو ساڵێک دەگەڕایەوە) یا بە هەسەوە دەیان ووت (حلو الفرهود.. کون یصیر یومیة) واتە تانیکردن خۆشە گەر ببێتە ڕۆژانە.
تەنانەت ئەو هاوسە عەرەبە ئیسلامانەش کە چەندین ساڵ لەگەڵ ماڵەکان و دووکانداری جوولەکەکاندا، هاوسە و دەرگا بە دەرگاوە بوون و لە منداڵییەوە پێکەوە گەورە ببوون، نەکی ماڵە جوولەکانیان کردبوون.. کەچی زەر بە ئەمەک دەرچوون و ئاوانیش ماڵە جوولەکە هاوسێکانیان تاڵان کردن و پۆلاماری کچان و ژنانیان دان و لاقەیان کردن.
لە ڕۆژی یەکەمی کارساتەکەوە، سوپای بەریتانیا لە دەوری شاری بەغدا بوون.. بەڵام لە بەریتانیاوە فەرمانیان پێکرابوو، کە نەچنە ناو شاری بەغداوە و بڵایەن بن.. کاریش گەیشتە ئاوەی کە فەرهوودکەران، چەند دووکانێکی ئیسلامەکانیشیان شکاند و تاڵانیان کردن.. لە سەیمین ڕۆژدا، باری نائاسایی ڕاگەیندرا و قەدەغەی هاتوچۆش لە بەغدا کرا. سوپای بەریتانیاش هاتە ناو شاری بەغدا هەزکانیان بە شەقامکاندا بڕاوکردنەوە. هەزکی پۆلیسی عەراقیش، ئاوانیش لە چەند شەقام و گەڕەکێکی بەغدا بڕاوبوونەوە. توانیان کونترۆڵی بارودۆخەکە بکەن.. بەڵام لە دوای چی؟! وەکو عەرەب خەیان دەڵێن: (بعد خراب البصره) واتە لە دوای کاولکردنی بەسرە.

ئەمەیە نامەردی و بەدوشتی عەرەبی ئیسلامی.. کە دزی و تانیکردن و دەستڕۆکردن، بوونە بە بەشێک لە کولتوور و لە ژیانیان.. فەرهوود و کەمەکوژی جوولەکەکان بە پێی هەژماردنی فەرمی و گواهی کەسانێکی جوولەکەکان، کە منداڵ بوون و لەو کارساتەدا ڕزگاریان بووە، بەپێی هەندێ گواهی خەڵکی شاری بەغداش، کە بە چاوی خەیان لەو دوو ڕۆژ و دوو شەودا، کارساتەکەیان بینیوە، بە داتا باسی

زیانکانی جوولەکەکان دەکەن لە کارەساتی فڕۆکەوانی، کە (٢٠٠) کوژران، (٢٤٠٠) بریندار بوون، (٩٥٠) ماڵ تاڵان کران و سووتێنران و وێران کران (٥٨٦) دووکان و گەنجینە تاڵان کران و سووتێنران، دەستریژیش کرایە سەر زیاتر لە (٩٣) ژنان و کچان و لاقەیان کردن.. لەگەڵ تاڵانکردن و سوتاندنی پەرستگای جوولەکەکان لە بەغدا.
کە لە ڕۆژی (١٤/ یوونی/١٩٤٨) دا، جوولەکەکان (دەوڵەتی ئیسرائیل) یان ڕاگەیاند، سوپاکانی عەرەبیش لە شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای ئیسرائیلدا خۆیان نەگرت و شکان، سوپای عەراقیش بە شەرمەزاریەوە گەڕایەوە بۆ عەراق. هەندێ تر حکومەت و عەرەبەکان و ئیسلامەکانی عەراق، ڕق و قینیان لە جوولەکەکان دەبەوە و کەچەیان پێیان دەکرد و بە چاوەکی سووکەوە لێیانیان دەڕوانین.

(فەرهوود) و کەمەکوژی، جوولەکەکانی عەراقی تەقاند و برین و کەسەرکی قووڵی خستە دەروونیانەوە.. هەستیان بە ئاسوودەیی و بە دڵنیایش ناکرد و هیچ متمانە و بڕوایەکیشیان بە حکومەتی عەراق و بە عەرەبی عەراق نەما.. ترسی ئۆشیان هەبوو کە کارەساتی فەرهوود و کەمەکوژییان دووبارە ببێتەوە.. ڕەنجی ساڵەهای ساڵیشیان دزین بە تاڵانی بردیان.. حکومەت قەرەبووی زیانەکانیشیانی بە نەکردنەوە. هاتنە سەر ساجی عەلی.. ئەم بەسەرهاتیان، بووە هەی ئۆوەی کە خەڵا کەچ بە ئیسرائیل بکەن.
دوایش سەرەک وەزیرانی عەراق (تەفیق ئەلسویدی) لە ساڵی (١٩٥٠) دا، بەیاری هەوەشاندنەوەی (ڕێگەزنامەی عەراقی) ی جوولەکەکانی عەراقی دەرکرد، هەرچیش ماڵ و موڵکیشیان هەبوو، گەستراوە و نەگواستراوە، حکومەتی عەراق دەستی بە سەردا گرتن و لێیانی داگیرکردن.. جوولەکەکانی عەراق دوو جار فەرهوود کران. جاری یەکەم خەڵکی بەغدا فەرهوودی کردن.. جاری دووەمیش حکومەتی عەراق فەرهوودی کردن.. حکومەتی عەراق بەیاری ئۆوەشیان دا، کە لە ماوەی مانگەکدا، پێویستە جوولەکەکان ڕێگەزنامە عەراقییەکانیان بدەن بە حکومەت و ئامادەبن، تا ڕەژانە بە فڕۆکە ڕەوانەی ئیسرائیلیان بکەن.

کارەساتی فەرهوود، نە یەکەمین و نە دوایەمین، کاری نامەردی و قەزەوانەی عەرەب و ئیسلام نەبووە و نییە.. فەرهوود، بڕاورد بە کومەکوژی کورد لە (ئەنفال) ی بەدناو و بە کیمیابارانی کوردستان و کەمەکوژی برا ئێزدییەکانمان و دەستڕێژی کردنە ژنان و کچانیان و فرۆشتنیان وەکو کەڵە و دەستکەوتی جەنگ و کارەستێکی بازرگانی.. ئەو هەموو کوشتن کارەساتانەش کە لە سەردەمی

خەلیفەکانیانەوە، تا ئەمڕۆ بەسەر کوردیان هێناوە و دەهێنن.. فەرهوود لە چاوی ئەمانەوە کارەساتێکی زۆر بچووکە.
سەدام حوسێنی گەورەیش، کە جەنگری سەرەک کۆماری عێراق بوو، لە رۆژی دوو شەممەی رێکەوتی (٢٧/ یانوار/١٩٦٩) دا، بە تووڕەیی هێرشێستراوی سیخوڕیکردن بۆ ئیسرائیل (١٣) لە جولەکەکانی عێراقی لە سێدارە دان، کە لە نەوانیاندا (عەزرا ناجی زەخا)ی تێدا بوو، کە گەورە بازرگانێکی جوولەکە بوو لە شاری بەسرە، دەستیشیان گرت بەسەر هەموو پارە و سامانێکیاندا. لە گەڕانێکی بێغدا و بەسرەشدا لاشەکانیان هەڵواسین.. ژنانی عەرەب بە دەوری گەڕانەکەدا، وەستابوون و هەڵهەڵیان لێدەدا. هەموویان بە تاوان بوون، تاوانیان تەنها ئەوەبوو کە جوولەکە بوون و دارابوون.
یەکەمین کاروانی ناردنەوەی جوولەکەکان بۆ فڕۆکە لە عێراقەوە بۆ ئیسرائیل لە رۆژی (٦/مایۆ/١٩٥٠) دا بوو، تا (٥ی/یووندی/١٩٥١)، لە ماوەی (١٤) مانگدا، هەموو ئەو جوولەکانەی، ناویان نووسیبوون، کە ژمارەیان (١٢٠) هەزار جوولەکە بوون، بەجگە لەو ژمارەیەی کە لە ڕێی کوردستان و لە ڕێی ئێرانەوە گەیانەوە بۆ ئیسرائیل.. تەکەا نزیکەی (١٥٠) هەزار جوولەکە لە عێراق و کوردستانەوە، گەیانەوە بۆ ئیسرائیل.
هەر جوولەکەیەک بێ هەبوو تەنیا (٢٥) دیناری عێراقی و یەک جانتای جلوبەرگ لەگەڵ خۆیدا ببات.. لەوە زیاتریان بۆ نەبوو.
لە وەاتانی عەرەبیشدا زیاتر لە (٨٠٠) هەزار جوولکە هەبوون، دەخ و ژیانی ئەوانیش لە ژیانی جوولەکەکانی عێراق باشتر نەبوون.. ئەوانیش ناردیانەوە بۆ ئیسرائیل.
هەموو ساڵێک جوولەکەکان بۆ گشتی و جوولەکەکانی عێراق بۆ تایبەتی لە ئیسرائیل و وەاتانی تردا، لە رۆژی (١/ یوونی) دا، بۆ غەمگینی و ماتەمینییەوە، یادی رۆژە ڕەشی (تراژیدیای فەرهوود) دەکەنەوە، کە بۆ (هەڵەکەستی لە بیرکراو) یش ناوی دەبەن. ئەو جوولەکانەی کە لەو ساڵەدا مندااڵ بوون و لەو کارەساتە رزگاریان بوو، بەشکیان ماون و لە ژیاندان.. هەندکیان باوک و برا و دایکیان لەو کارەساتەدا کوشتیانیان، بە فرمێسک و بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە چیرۆکە تراژیدیەکانی کارەساتی فەرهوود بۆ نەوەکانیان دەگێڕنەوە.. تا ئێستاش چەندین باس و پەرتووک و لێکۆڵینەوە دەربارەی فەرهوودی جوولەکەکانی عێراق نووسراون و چاپکراون.. هەندێ لە نووسەرانی ئەو پەرتووکانە، خودی خۆیان لە فەرهوود رزگاریان بووە.. راستی کارەساتەکانیان بە چاوی خۆیان بینیون.. راستگۆیانە باس و چیرۆکەکانیان نووسیون.. بەڵام گەر بڵێتوو ئەو نووسینانە بخوێنینەوە، کە عەرەب شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستەکان

نووسیویانن، دەبینین کە راستیی کارەساتی فەرهوودیان چەواشە کردوون، زەر لە زیانەکان و لە ژمارەی کوژراوان و بریندارببووانی جوولەکەکانیان کەم کردوونەتەوە، بە رووداوەکی بچووک و ئاسایشی دەزانن.
عەراق بە کەچکردنی جوولەکەکان، گرنگترین پەکهاتەیان لە دەست دا، کە گەورەترین رەگیان هەبوو لە هەموو بوارەکانی ژیانداا.. هەمیشە دەستپەشخەربوون لە داهێنانی کاری هونەری و ئەدەبی و رەشنبیری دا.. ئیستا رەشنبیرانی عەراق، لەو ستەمە گەورەیەی کە لە جوولەکەکانی عەراق کرا بە ئاگاهاتوون.. ئەستا هەست بە گرنگی رەگیان دەکەن.. دەزانن کە جوولەکەکان چاکە و پیاوەتییەکی زەریان بە سەریانەوە هەیە. بەڵام عەراقییەکان و حکومەت بە نامەردی پاداشتی دەسەزی و پیاوەتیان دانەوە.
شایەنی باسیشە، کەجوولەکەکانی کوردستان لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا هەبوون. بە پەچەوانەی جوولەکەکانی عەراق و وڵاتانی عەرەبییەوە، جوولەکەکانی کوردستان، زەر ئاسوودە و کامەران شادبوون و بە دەنیایی و ئاشتی و شادی و خۆشییەوە دەژیان. زوو تەکەڵی کەمەگای کوردیمان بوون، زووش فەری زمانی کوردی بوون، زەر و بە ئاسانیش داب و نەریت و کولتووری کوردییان وەرگرت. بەپێی ناوچەکانی کوردستانیش ژنان و پیاوانیان جلوبەرگی کوردییان لەبەردەکرد.. بە ئەوپەڕی ئازادیشەوە رەوەسمی ئاینی و جەژنەکانی خۆیان دەکرد.. هەندە تەکەڵە بە داب و نەریتی کورد ببوون، لەگەڵ کورد دا لەکناکرانەوە.. تەنانەت ژن و ژنخوازی و خزمایەتیش کەوتە نەوانیانەوە. جوولەکەکانی کوردستان زەر ئیشکەر و چالاک بوون.. هەموو ئیشکیان دەکرد.. گەر لە بەردی رەقیش بوایە، نانی خۆیان پەیدا و خۆیان دەژیان.. گەر بە فشار و بە زەر ناردنەوەیان لە لایەن حکومەتی عەراقەوە نەبووایە.. هەرگیز جوولەکەکان کوردستانیان بەجێ ناهێشت و ناچوونەوە بە ئیسرائیل.. ژمارەی جوولەکەکانی باشووری کوردستان لە نێوان (٣٥-٤٠) هەزار جوولەکە دەبوون.. لە هەموو کوردستانیشدا، ژمارەیان لە (١٢٥) هەزار جوولەکە زیاتر دەبوون.. لە ئەمەدا، ژمارەی کوردە جوولەکەکان، لە ئیسرائیل دا، لە (٢٥٠) هەزار کوردی جوولەکە نزیک بوونەتەوە، تا ئەمرەش سەز و رەز و دەسەزی و خۆشویستییان بە کورد و کوردستان کاڵنەبوونەتەوە.. لە جەژنی نەورەزدا، بە جلوبەرگی رەنگاوەنگی کوردییەوە، ئاهەنگی نەورەز دەگێڕن.. جار و باریش بە شەوازی کوردەواری، بە دەهۆڵ و زورناوە، بووکیان دەگوازنەوە.. خواردنی کوردیش درووست دەکەن.. شایی و هەڵپەکە کوردی دەکەن و گەرانی کوردی دەچن. گەڵە کەسایەتی ناودار و ناسراو و نووسەر و

هونەرمەند و گەرانیبێژ و فەرمانبەر و کاربەدەستی باڵا و خاوەن بەوانامەی دکتۆرا و پرۆفیسۆریان لە هەکۆوتووەن.. بە نموونە، وەزیری بەرگری پێشووی ئیسرائیل (ئیسحاق مەردیخای) جوولەکەیەک بوو لە جوولەکەکانی قەزای (ئاکری) ی سەر بە پارێزگای دهۆک لە باشووری کوردستان.


صورة التقطت سنة ١٩٣٨ للاستاذ محمد القبنجي مع جوق الاذاعة . الجالسون من اليمين الى اليسار ابراهيم طقو(جلو)،داود الكويتي(عود)،محمد القبنجي،يوسف زعرور(قانون)،حسين عبدالله (ايقاع) والواقفان من اليمين يعقوب مراد العماري (ناي) ،صالح الكويتي(كمان)

یەکەمین کەس لە دانێشتوان (لە راستەوە بە چەپ) ئیبراهیم کوەیتی دووەمین کەس (راوەستاو) ساڵح کوەیتی کە هەردووکیان بران و جوولەکەن.. بەناوبانگترین موزیکژەن و ئاوازدانەری عەراقی بوون. لە ناوەڕاستیش مەقامخوەن محەمەد گوبانچی کە خۆی بە قوتابی مامۆستای مەقامبێژی کوردمان (عەلی مەردان) دەزانی.



وەنەی مەلیکی عەراق (فەیسەڵی یەکەم) لە ناوەڕاست کەمەنێک لە

کۆسایەتییەکانی بەغدا.



وێنەی کوردە جولەکانی شاری هەولێر(١٩٣٥) دا



کوردە جولەکانی ئیسرائیل بە جلوبەرگی کوردییەوە
رزا شوان
نۆرویج: ٢٨/ مای/٢٠٢٠

_____

(*) سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتوون:
١ـ لەي الشقاقى.. فرهود اليهود.. موقع الزمان. ٢٠١٧
٢ـ موقع ايلاف.. احداث مذبحة الفرهود في بغداد. ٢٠١١
٣ـ نسيم قزاز.. الفرهود الثاني في العراق.. موقع المعرفة.
٤ـ شبكة الموقف العراقي.. يهود العراق في اسرائيل.. الفرهود ليس كل الحكاية.
(تعرضنا لحرق الاعضاء التناسلية)
٥ـ توفيق ابو شمر.. الفرهود وما ادراك ما الفرهود! موقع الرأي العام.. ٢٠١٨
٦ـ محمد جلاء ادريس.. يهود العراق والتعايش العربي اليهودي.. موقع الجزيرة.
٧ـ الامبراطورية البابلية الثانية.. موقع المعرفة.
٨ـ العراق في التأريخ.. الامبراطورية الآشورية.
٩ـ اعدام اليهود في بغدار.. دنا الوطن.
١٠ـ چەند سایتێکی تر.

تەنانەت خواوەندەکانیش بەرتیلخۆر دەکرێن ... نووسین و ئامادەکردن: عیسا بۆتانی

وشەی گەندەڵی بە وشەی یۆنانی (corruption) دەگوتەوە کە واتای نەفرەت کردنە لە رابردوو، هەرچی (corrumpere)ە ئەویش بە (تێکیدا, بەرتیلخۆر کرا, وێرانی کرد) لێك دەدرێتەوە. مێژووی گەندەڵی بەقەدەر مێژووی مرۆڤایەتی دەبێت, ئەو کرداره لە یەکەم خانەوادەی میسریی کۆن لە (2700 – 3100) ساڵ بەر لەزایین تێبینی کراوە و هەروەها ئاماژە بە چینی کۆنیش دەکرێ بەوەی هەر ماڵێك خوداوەندێکی چێشتخانەی هەبووە کە چاودێری رەفتارەکانی ئەندامەکانی دەکرد، حەفتەیەك پێش سەرسااڵی نوێی چینی ئەو خوداوەندەی چێشتخانەیە بۆ ئاسمان بەرز دەبووەوە و بۆ مەبەستی دیاریکردنی سزا و پادداشت راپۆرتی ساڵانەی خۆی دەدایە ئیمپراتۆر جایدی حاکمی بەهەشت . ئەندامانی ماڵەکانیش بۆ چاپێشیکردن لە هەڵەکانیان و تاکو

راپەڕتەکەی بەپێی ئارەزووی ئەوان ئامادە بکا, کێك و شەکر و هەنگوینیان لەژێر وێنەی خوداوەندی چێشتخانە دادەنا و بەرتیلخۆر دەکرا؛ پاشان ڕووەسمی سووتاندنی وێنەی خوداوەند ئەنجام دەدرا کە لەو ڕێگایەوە بەرەو ئاسمان بەرز دەبووەوە.
لەسەر هەمان ڕێچکە, (هیرۆدۆت)ی مێژوونووسی یۆنانی گۆڕاویەتییەوە کە خانەوادەی کامڕانیان قەشەکانی (ئۆراکڵ دلفی)یان بەرتیلخۆر کردووە کە یەك لە بەهێزترین هێزی نادیار بوونە لە یۆنانی کۆن و مێژووەکەی بۆ هەزار و چاردە ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. سەبارەت بەمە خەڵکی لەسەرانسەری یۆنان هاتن تاکو وەڵامی پرسیارەکانیان لە بیسیای کاهینی باڵا وەرگرن, خانەوادەی ئەبولۆ کە خاوەن سامان و دەوڵەمەندبوون پێشنیاری نووژەنکردنەوەی پەرستگای ئەپۆلۆیان بە بەردی گرانبەهای باریان کرد کە بە بومەلەرزەیەك ڕووخابوو, لەبەرامبەریشدا بیسیای کاهینی باڵا بڕوا بە دەوڵەتی ئەسپارتە بهێنێت بۆ لەناوبردن و شکاندنی دەسەڵاتی ئەسینا یارمەتی خانەوادەی کامڕانیان بدا… بڕیە ئەرستۆی فەیلەسوفی یۆنانی گوتی(تەنانەت دەتواندرێ خوداوەندەکانی بەرتیلخۆر بکرێن).
مێژوونووسان ئاماژە بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە چەرخی چوارەم دەکەن و تەشەنکردنی گەندەڵی بە هۆکاری سەرەکی بۆ ڕووخانی ئەو ئیمپراتۆریەتە دەزانن, پێیانوایە کە پەتای گەندەڵی پەلی بۆ کایە و دامەزراوەکانی سیاسی و ئابووری و سەربازی و کۆمەڵایەتی هاویشتبوو و بەمەڕیەوە لاوازی و سستی لەتکەڵای بوارەکان بەدی دەکرا و بە تایبەتی تکچوونی چالاکی ئابووری و نەمانی چینی مامناوەند و پیادەکردنی ستەم بەرامبەر لە هاووڵاتیان و ناچارکردنیان بەدانی باج و خەڕاجکی زۆر, هەروەها لاوازی و ناڕێکخراوەیی لە سیستەمی سەربازی و پشتبەستن بە جاشەکان (ئەوەی بە بەربەرییەکان دەناسران) بۆ نێو ێیزی لەشکر تاکو ئەو لەشکرە هێزی خۆی لە گۆینی ئیمپراتۆردا بینیەوە, هەر چەندە ئیمپراتۆر دڵنیانوس لە کۆتایی چەرخی سێیەم بە پیادەکردنی چەند چاکسازییەك توانی تەمەنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیا ماوەیەك درێژکاتەوە بەڵام دواجار نەیتوانی تا کۆتایی لە ڕووخان بپارێزێت. بارودۆخی وڵاتەکە گەیشتبووە ئاستێك کە چاککردنەوەی ئەستەم بێت, لە ئەستۆگرتنی پێستی ئیمپراتۆر گەیشتبووە ڕادەیەك وەکو بۆیاری لەسێدارەدان سەیر دەکرا بەشێوەیەك لە ماوەی حەفتا و پێنج ساڵ زیاتر لە بیست کەس عەرشیان گرتە دەست و هەر یەکێکیان دوای کوژرانی ئەوی پێشی خۆیان دەهاتن. گەندەڵی وا بڵاو ببووەوە تەنانەت باس لەوە دەکرێ کە جارێکیان عەرشیان لە مەزادێکی ئاشکرا نمایش کرد بۆ فرۆشتن کە بووە هۆی ئەوەی هاووڵاتیان هیچ

متمانەیەکیان بە سەرکردەکانیان نەمێنێت. لەمڕووەوە لە پەرتووکێکدا بەناوونیشانی مژوو خێ دووبارە دەکاتەوە, لە دانانی د.مدحەت محەمەد و بە هاوبەشی لەگەڵ چەند توژوانێك و لە بەشێکی پەرتووکەکەدا هاتووە کە: (ئیمپراتۆریەتی یۆنانی کە وەکو درەختێکی گەورە بوو سێبەری بەسەر هەموو جیهانی کۆندا کردبوو, کێشکی سیاسی و سەربازی بۆ ماوەی درێژ پێکهێنا, بەڵام نەیتوانی خێ ڕاگرێت)، باس لەوەش کراوە کە ستەمی سیاسی یەك لەهۆکارەکان بووە بەوەی تاکەوی لە دەسەڵاتدا پەیڕەو دەکرا کە هەمیشە پێکهاتەکانی دیکە بە کەمتر لە ڕەمانییەکان سەیر دەکران و ئەو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە ڕووخانی ئیمپراتۆریەکەی لێ کەوتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە پرسی گەندەڵی سیاسیش هۆکارێکی کەمتر نەبووە لەوانی دیکە بۆیە ئاماژە بەوە کراوە کە بەپێی بۆای ڕەمانییەکان وا بوو کە شەیتان لە ڕێگەی ئافرەتەوە دێی پیاوەکان بەرەو خراپەکاری ڕادەکێشێ, بەڵام لە کۆتاییدا خۆیان سەرپێچیان لەو باوەڕە کرد و دەگوترێ کە ئیمپراتۆر (کالیجولا) نوقمی ناز و نیعمەت و ژیانی ڕابوردن ببوو لەگەڵ ئافرەتان تەنانەت لەگەڵ (دڕسڵا)ی خوشکیشی, ئێدی لێکترازان و دوورکەوتنەوە نەك لەنێو دامەزراوە سیاسیەکان دروست بوو, بەکو ناکۆکی کەوتە نێوانی (بەمبی و قەیسەر)یش و بەهۆی کێشە و ناکۆکییەکانیان ئاگایان لەدوژمنانی دەرەکی نەما و خەریکی دەنووك وەشاندن بوون لە یەکتری، هەر یەك لەو دوو برایە بەهۆی خواست و تەماعیکردن بۆ گرتنەدەستی جلەوی دەسەڵات و بۆ شکاندنی بەرامبەرەکەی داوای هاوکاریان لە هێزکی دەرەکی دەکرد تاکو ڕەمانیا بووە مەبەستی داگیرکاری لەلایەن ئەو هێزە دەرەکیانە و وردە وردە خاکەی داگیر کراوە و لەناوچوو.

لە ساڵی 1660 و لە سەردەمی مەلیك ئیستجڕت؛ دیاردەی گەندەڵی و بەرتیلدان گەیشتبووە تڕپك لە وڵاتانی ئەوروپا و ئینگڵتەرا، کێنی دەنگی پەرلەمانتاران بۆ کاریگەری کردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەلایەن مەلیکەوە شتێکی شاراوە نەبوو تەنانەت پێست لەو سەردەمەدا کێین و فرۆشتنی پۆە دەکرا, لە مژووی ئەمریکاشدا پرسی گەندەڵی لە سەردەمەکاندا زۆر بەووونی پیادە کراوە و داگیرکردنی زەویوزار و تێپەاندنی پڕۆژەی پیاوانی پیشەسازی و خاوەن کۆمپانیان لە لەێگەی کۆنگرەسەوە بەڕێگای ناشەرعی لە وستگە مژوویەکانی ئەو وڵاتە باسی لێکراوە. فەیلەسوف و زانایان لەدڕزەمانەوە گەندەیان بە ئافات ناساندووە و ئەرستۆ لەلایەن خۆیەوە لە پەرتووکی (ئەخلاقیات)دا پاراستنی ڕۆژەڤی وڵاتان و هۆکارەکانی ڕووخانیانی باسکردووە، ئەو پێوایە کە ئەو شارەی بە ئامانجێکی گەندەڵ فریو بخوات ئەوا گەندەڵە و

بەهیچ شێوەیەك نابێتە دەوڵەت. لەلایەکی دیکەشەوە لە چینی کۆن بۆك پارە وەکو پادداشت دەدرایە فەرمانبەران کە پێی دەگوترا (یانگ لینگ) ئەویش بۆ ئەوەی چاویان لە دزی نەبێت و شەی گەندەڵی بکەن، و لەبارەی هزری سیاسیشدا؛ لە فەلسەفەی (کۆنفوشیوش) هاتووە کە: فەرمانڕەوایەتی چاك نابێت تەنها مەگەر فەرمانڕەواکان چاك بن. فەیلەسوفی مەزن ئەفڵاتۆنیش لەبارەی گەندەڵییەوە ئاماژە بەوە کردووە کە تەنها هەنگاونان بەرەو دادوەری پرسی سوودمەندبوون و بەرژەوەندەی دوور دەخاتەوە کە هەردووکیان بنچینەن بۆ دەرکەوتنی گەندەڵی.

لۆکیشۆرکی نیمچە زیندووین … سروشاڵیی

خۆشویستی ئاقڵیکی ترازاو…
دڵن خۆشیان دوێیت
دڵن خۆشیان دوێیت،
چەند دڵماکەکی گاڵاو…
لەوە گاڵ!
توخمێك لەوان ،
نادڵن ونە دڵن ..لەناوڵاستی
ڵگا ..
چەقبەستوون،گە دەگرن،
بەهەم دەبن،
شی دەبنەوە و وون دەبن،
دنیایەکی گەوجە..
دەستکانت بە سڵاوکی وڵامنەداوە
هەدەبی،
دە لە شکاندنە بەدەنگکان جاقی دەبە
و..دیوەدەر قەتماغەدەگرە،
پاشقوولی مرۆڤ دووبارە
وەکچووکانی،
لاڵ ،

لەزوناری ەەژەکان ..ترش …و ..تا
ژان دەگرە…
ئەمبەرو ئەوبەری تەمەن
لەمرۆ سپەەکان خەتانە …
قانی خوونەکان دەدەرە و،
تا ئەودیوی شەکەتبووون ەاودونانە…
بە ئەوەی وەك کەس نەبیت
گەیەکانت داخە وئاوەی ەاست وچەپ ،
بەهەند مەزانە ..
ئەوتروسکایەی ناوی ژیانە
لەمندااەکی دووساەان دەچەت،
تا تە دەستی دەگریت بە _پە گرتن
ئەو لەدەست دەردەچەیت…

بە مرەف بوون،
هەەبەز ودابەزی ەیتمەکانی خوودبوون،
هەر_جیاوازبوونی نەستالەژیا وئایدلەژیا
و دژبوون .. پەسەندبکرە،
لەپای مشووری ،
شتگەلە کەەکەبووە بەهەدەکان،
بەو ەەژگارە چەندەهاجار
کەلەنەکانی بە ئاگایی لە
دەستایەتی ،
پە بکرەتەوە…و
کەللە لەسنورە نەویستراوەکان،
خاەی بە و
تەواو سەرقاەی داماەینی توەکە و
ەووکەش ،نە پەشینی دیوی ،
نەویستراو…لەناخمانەوە
قبوەبەت..
دەشە خەشەویستیەکی نەووتراو ،
نەدرکاو بە هەتا لە نەوان خەمان و خەمان
بەپەنهانی بهەینەوە..
پەلەی درکاند بە گوەدانە
گونجان ولەباربوونی ،کات
پەنجەکانی پەشیمانی ،
زەر بگەستر…

تا پێیکانمان لێنگردگرێ،
ئاوستاو ،ئژنۆی ویست بگرین،
بڕۆ،
دڕگاکانی ئومێد..ێ بگرین…
فڕین ..لێ مرۆڤبوونت خاڵی دڵکا،
مۆفێ..
نووستنیش لێ مردنت
پێدڤکا…ابێ…
کەمتر چاوەڕوانی خۆشویستی ،
ئازاترت،
دڵکا…
قسەگەلێك کێ زەر ووترا
پڕتر دەبن لێ هەڵەی زەق ..زەق
زەرتر حەوجێ بێ خۆشویستی و خواستنی،
لەمرۆڤ قەپ وقەپکانت
هێندێ دڵکا …
وەك گژوگیاکێ
خولت دەدا..
بەو ڕۆژگارێ پێیکانت گیرا دەبن ،
لێ تەڵەی سەرەڕۆ وبەرپێنۆی
گرژی وناحەز و نابەجێ…

هەرخۆت خۆت بوێ
سواڵی _بوونت مەکێ

سروشاڵیی

کەس ئاگای لە جۆرج فلۆیدەکانی کورد نەبوو!! … عیماد عەلی

زەر خۆشحأل بووم بەو کاردانەوە گەورەی خەڵکی مرۆڤ دۆست و بە تایبەتی رەش پێستەکانی ئەمریکا لەبەرامبەر کردەوەیەکی قێزەون و

تاوانێکی کەم وێنەی کۆمەڵك پۆلیسی سپی پێستی ئەمریکی کە زۆر بە خوێنساردی و لەسەرخۆیی و دڵنەدانە و بێ هەست و بێ مرۆڤەوەهاوڵاتیەکی ڕەش پێستی خۆیان بەناوی (جۆرج فلۆید) بە بەرچاوی هەموو دونیا و بە تایبەتی هاوڕەنگ پێستەکانی خۆیەوە کوشت، کە بێ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەوەی لەسەر ئەو جادەیە بوو رجا و تکایان لێکردن کە خەریکە دەمرێت ئەمە جگە لە هاوار و زەنای خۆی کە دەیوت نەفەسم بڕا، ئەو خەڵکەش هاواریان دەکرد لە گیانەڵدایە و بەرەڵای مەکەن بەڵکو بیبەن بۆ زیندان و وانەکەن بەو بێ ڕەحمیەوە لە ژێر دەستاندا گیان بسپێریت، کەچی هیچ دادی نەدا و ئەو خوێنمژانەی لەو کارە قێزەونە لە پێشدا پیلان بۆدارێژراوەیان پەشیمان نەکردەوە و، جۆرجی داماویش لە ژێر پێستاێ و ئەژنۆی پۆلیسێکی ڕەگەزپەرستی دڵندەی بێ مۆراڵی بێ ویژدان گیانی سپارد و منداڵێکی خنجیلانەی لەدوای خۆیدا بەجێ هێشت.
ئەمە لە وڵاتێکی زلهێزی دونیا و خۆ بە مرۆڤپەروەر و دادپەروەر زان و خۆ بە سەروەر و سەرکردەی هەموو جیهان زان ڕووەدات. بگومان تاوانیکی ئاوا بەئاشکراو لە ڕۆژی ڕووناك و بەبەرچاوی هەموو دونیاوە گەورەترین شەرمەزاریە بێ سیستمی سەرمایەداری بەگشتی و دەسەڵاتی ئەمریکا بە تایبەتی، کە سەروبنی زمانی باسی یەکسانی و دیموکراسی وئازادی و مافی مرۆڤە و کەچی هەموو ئەو ئیدیعایانە بە یەك دۆلار دەفرۆشتەوە و تا ئێستا ئەو جیاوازیە کۆنەپەرستیەی تێدایە.
بەڵام ئەمە لەم سەردەم و دونیای ئەمڕدا ڕوویدا، ئەگەر لەوێ خەڵك وریایە و زۆرکیان هەڵگری ڕشنبیری مرۆڤایەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیانن و نادادپەروەری ڕەت دەکەنەوە و کاردانەوەی بەهێزیان هەیە لەبەرامبەر هەر تاوانێکی لەم جۆرە، بەڵام لەم ناوچەیەی خۆمان چەند ڕووداو و تاوانی گەورەتر لە م شێوەیە و دڵندانەتریش ڕوویداوە و تا ئێستاش کەس ئاگای لێ نیە و تەنانەت بێ مژووش لە هیچ شوێنکدا تۆمار نەکراوە. کەس هەیە تاوانکاریە قێزەونەکانی بەعس و ڕژیمی ئەتاتۆرك و ئەردوگان و وڵاتانی دەوروبەر دەرهەق بە کورد نەزانێت، کەچی هەموو لایەك لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی تا ئێستاش خۆیان لێ کردووە بە کەڕەی شەربەت و لە کولەکەی تەریش باس ناکرێت. کەس هەیە زیندە بەچاڵ کردنی منداڵە چاو گەشەکان و پیرو پەککەوتەی کورد بە بێ هیچ تاوانێك لە نوگرە سەلمان و ئامەد و عەفرین و مەهاباتی لەبیر بچێت، کە تاکە کەسێك قسەی لەسەر نەکردن و نەبوونە بابەتی ڕۆژەڤی ئەو کاتانە و ئێستاش.
لەوانەیە خەڵکێك لە ڕووی بابەتیەوە جیاوازیەکان ببینێت و ململانێ و هاوکێشە سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتیەکانی ئەم ناوچەیە

بەجیاواز لە ئەمریکا و وڵاتانی تر بخوێنێتەوە، بەڵام ئایا نازانن کە جیهانگیری وای لەدونیا کردووە هەموو ئەو وڵاتانەی ئیدعای مافی مرڤایەتی و ئازادی دەکەن چاویان لە ئاست ناحەقیەکانی دژ بەکورد نوقاندوە و تا ئێستاش وەکو کارتی دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان یاری بە پرسی کورد لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان دەکەن و رۆژانە تاوان دژ بەم گەلە دەکرێت ئەوان نایبینن.
ئەوەی پێختەی باسەکە بێت دەکرێت لێرە بڵێین؛ ئەم سیستم و فەلسفەیەی کە ئەو جیاوازیە چینایەتی و رەگەزیەی لەو شوێنانەوە بە هەزار بیانوەوە دەکرێت. کە خۆیان بە وڵاتی پێشەکەوتنخواز دەزانن، هەر ئەوانەن مافی گەلی گوردیان پێشێل کرد و کردیانە پاشکۆی میلەتانێك کە هیچ کوردیك خۆی بە هاوڵاتی وڵاتەکانیان نازانێت و کوردستانیان پێوەلکاند و ئەم هەموو قوربانیەی لەم مێژووە دوورودرێژەی بەدوای خۆیدا هێنا.

مانیفێستی عێشق.. بەشی شەشەم...

تێکست: ستیڤان شەمزینی

پرشنگی رۆحی تۆ
ژیانی بەخشیوە جێستەی مردووم

زۆر سەیرە پێکەنینەکەت
لەسەر فرمێسکەکانی من رەنراوە!!

ئەگەر بەیارە نیشتمانەکم هەبێت
تەنها و تەنها ئامێزی گەرمی تۆیە

وەک عیسای مەسیح
بە ئێشقی تۆوە لە خاچدراوم!

بەیانیان وەک خۆر هەڵی
شەوان وەک مانگ ئاوا دەبیت

هەر کاتێک بیر لە ئێشق دەکەمەوە
دڵم دەستم ئەگرێ بۆرەو لای تۆ

رەنگە رۆژێک بتوانم دەستبەردارت بم
بەڵام پێیکەرەکەت لە دەما هەرگیز ناوخۆ

بەیارمداوە قەسیدەیەک بنووسم
تەنیاییەکانی من بۆ تۆ، ڕاڤە بکا

شیعرێک لە خەیاڵما تەقیوتەوە
تەنیاییەکانی تۆ بۆ من، ئێنووستەوە

خەون و خەیاڵەکانم
تەنها تۆی لە دەچێ

یەک بەڵێنت پێ دەدەم
تەنیا مەرگ ڕامگرێ لە ئێشقت

زەر بۆ ئێسپایی وەرێ
دەی ئاوریشمیم زەر لە مژێ چاوەکانتۆ

لە جوانیدا شەوی گووڵە دڕێتەوە سەر تە
لە ناسکیدا پەپوولە ئیرەییت پێ دەبا

تێکۆشانی هاوکاری کۆمپانیاتی هاوبەشی گەنجانەوەی ئومێدوارە ئیرادەمان!

لەگەرمەی ئەم بارودۆخەداکە برسێتی، بێکاری، هەژاری و نەداری بەرەکی بە خۆکی کرێکارو زەحمەکێشی کوردستان گرتووە، سەرکی حکومەتی هەرێم لە 22ی ئایاردا، وتارێک پێشکەش دەکات کە جەوهەری دەبەینکانی بریتی بووە لەوەی کە تێکەڵەی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەم حکومەتە لە تونێلی قەیرانی دارایی گوزەر پێبکات. لەوشەوە پەمان بێت کە 27 ملیارد دۆلار قەرزارین و لە فلتەری ئەم دەربەینەشەوە دەنیامان دەکاتەوە لەوەی کە باجی ئەم بارودۆخە دەبێت بکەوێتە سەر ژیان و گوزەرانی خۆکی کرێکارو زەحمەتکێش و شانی خەیان خاڵیبکەنەوە لە هەر بەرپرسیارێتیێک بەرامبەر زەربەی زەری ئەو خۆکە ستەمدیدەیە!

ئەمە لەکاتێکدا کە هەر ئەستێ بەهەی کەرەنتینەوەو کاریگەریکانیەوە بەشکی یەکجار زەری خۆکی کوردستان نێک تەنیا موچەیان پێنادرێت، بەڵکو لە راستیدا بەبەشکراون و لەسەرتایترین ماف و بیمەو حزمەتگوزاریکانیان و ئایندەی دۆخەکە نە لە نەخشەو پلانکانی حکومەتداو نە لە بارودۆخی جیهانیدا کە نیزک بە 300 ملیۆن بێکاری بەرهەمهێناوە پێشبینی هیچ دۆخێکی باشترو لەبارتر لەمەی کە ئێستە لەگوڕدایە ناکرێت!

لەلایەکی ترەوە ئەمە هەر ئێستە مەترسیکانی ئەو باردۆخە بە چاوی خەمان دەبینین و دەزانین کە بەشکی زەر لەو خۆکە لە چ رەژگارێکی کارەساتباردا بەسەر دەبەن. ئەم وێنانەی کە لەبەردا دەیبینن گۆشەیەک لەو بارودۆخە تاڵ و کارەساتبارەیە کە کاری بەشوێنک

گشتووە دژگاکانی راگەیاندنی حزب و حکومەت خۆشیان نەتوانن خۆی لەدربازبکەن و بەهەر مەبەستێک بێت دان بەو راستیەدا بنین کە چەن ئەم رۆژانە دیسان بەشێک لە خەڵکی کوردستان ناچاربن بەوەی کە پەداویستیە سەرەتایەکانی خۆیان بفرۆشن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی رۆژانەیان.

هەموومان دڵنیین و لە نزیکەوە ئاگادارین کە ئەمەی لەردا دەیبینین تەنیا سیمای بەشێک لە شۆقامەکانی شاری هەولێری پایتەختی کوردستان نیە، بەڵکو لە راستیدا زەربەی زەری شاروشارۆچکەکانی کوردستان بەداخەوە بەهەمان پرسەی کارەساتباردا ژیان تەدەپەڕێنن، کە ئەمە تەنیا هەنگاوێکی سەرەتای وەبیرهێنەرەوەی رۆژانی سەرەتای نەوەدەکانە کە چەن لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان پڕ لە ئەو خەڵکە زەحمەتکێشە لەبەر نەبوونی هەژاری و نانی رۆژانەیان ناچار بوون بەم شێوە قاپ و قاچاغ و کورسی و مێزو تەباخ و بەتانی و سەرین و جەرجەف و جلوبەرگەکانی خۆیان بفرۆشن بۆ ژەمانانی رۆژانەیان!

رۆشنە کە تائێستە ئاراستەی بارودۆخەکە نەک بەرەو باشتر ناچێت بەڵکو بەکردەوە ژیانی زەربەی زەری ئەو خەڵکە دەخاتە بەردەم مەترسیەکی گەورەترەوە. بۆیە وەک هەنگاوی یەکەم بەتەنگەوە چوونی ئەو خەڵکە هەژارو ستەملیکراوەیە تا بتوانین پێکەوە بەهاوکاری و هاودەی و پشتگیریکردنیان لەیەك تروسکەی ئومێدەکیان بۆ بگێڕنەوە لە مەترسی بەقوربانی بوونی ئەو بارودۆخە دووریان بخەینەوە!

ئەمەش لە ئێستەدا لەگەڕەوی ئەوەدایە کە بتوانین تەی هاوکارێکانمان لەهەموو شارو شارۆچکەو لە هەموو گۆشەک و شوێنی کارکەدا دروست بکەین و لە ڕێگەی هاوکاری و کاری هەرەوزیەوە بتوانین ڕۆژ بەڕۆژ ئەم جوانەوێیە لانەو دێی خەڵکیدا زیندو ڕاوەستاو ڕاگرین و بەرەوپیشي ببرین!

ئەزموونەکانی تا ئێستەی ئەمەو دروستکردنی 16 تەڵە لە کوردستان و هەندەران ئەو ڕاستیەیان سەلماندووە کە فراوانکردنەوەی ئەم تەڵانە لەگەڵ چ پشتوازی و هاوکارێکی فراوانی خەڵکی ئازادیخوازو ئینیساندۆستی کوردستاندا ڕووبەڕووبوونەتەوە. بۆیە بە ڕێگرتن لەمترسیەکانی داهاتوو پێویست بوون بەم تەڵانەوە.
تەڵەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتی هەوێنی گەڵانەوەی ئومێدو ئیرادەمانەو دەبێت دەستبەکاری سەراسەری کردنەوەیان بین!

ڕێبوار عارف
وتەبێژی تیپی هاوکاری کۆمەڵایەتی

ووردە باس ..پشکۆ ناکام

- سەیرکەن ئەو عالەمە چاک خەیان مەشغوڵ کردوە ئاخۆ پارەکەی بەختەوەری سەرکی بەناو حکومەتی هەرێم کورتی هێناوە و بە ئیرادەی خوا لە قاسکانی بەناو حکومەتا نەماوە 27/یان 15 یان ڕەقەمێکی تری ملیارد!!دۆلار؟ ئاخۆ ئەو پارەیە بە دزی حسابە یان جەنابی بەختەوەر بە دروست کردنی چەن کەمپانیایەکی تری بازرگانی پەویستی بە پارە بوە و کوردیش ئێستە : گەشتی خۆت بخە و منەتی قەساب هەمەگرە ، جا بە ئەوەی قەرز لە بگانە نەکا لە قاسەی قووتی خۆک و داهاتی هەرێم ئەو پارەیەی بردوە بە قیست ، کە نرخی نەوت بەرزبوە ئەیگەڕێتەوە..جگە لەوەش هەر کاکە بەختەور بەشدار نیە لەو (حیلە شەرعی/دزیە شەرعی)یە بەکە ئامزا بەشووشکەی کە بەسەری یەکتر سوێند ئەخەن پێشتر هیچ کەمتەرخەمی نەکردوە لە بەتاڵ کردنەوەی دەغیلەی بژێوی خۆکی هەرێم ، بەکورتییەکە مەسەلەکە ئاوایە : دوو ئێندامی بنەماڵەی دەسەڵاتداری هەرێم بە کاری تایبەتی خەیان بیست و حەوت ملیارد دۆلاریان بەناوی حکومەتی هەرێمەوە لە قاسەی بژێوی خۆک بردوە ، دزیوە ، ماشیوەتەوە ، چی ناو ئێنێی بنە ، گرنگ ئەوەیە ئەو پارەیە لە بەینی دوو ئامزایا گیانی بەخشی بە کورد و کوردستان ، هەر وەک چەن لە ئاشبەتاڵا 25/ملیەن دۆلاری ئەو کاتەی قاسەی بزووتنەوەی ئەیلول ئاودیو کرا و کەس ئاسوارەکی نەبینییەوە ئێم بیست و حەوتەش بە هەمان شێوە هەبوو نەبوو بیست و حەوتەک هەبوو !!گەر پەلەش نەکەین چەن جارەکی تریش دە و پانزە و بیست ملیار دۆلاری وون ئەبە و ئەبە بەهەم و تا ئەو بنەماڵەیە دەسەڵاتدار بن کەس هیچی پە ناکرێ ، جگە لە بەڵێ و نووسین و ئیدانە کردن ، ئاخر پارلەمانێک کە خەی کارتێنیە تا ئێستا نەیتوانیوە یەک مەسئولی دز ، یەک وەزیری گەندەڵ ، یەک کادری جەردە ، تەنانەت لە یەک ئیستیعلاماتیش بپرسەتەوە ئێستا ئێم پارلەمانە ئێندامێکی بنەماڵەی

دەستاتدار بانگ بکا بۆ لێرسینەوە !!مێخۆ تاقە ..تا ئەم بنەماڵەیە بەم سیستەمە سەقەتە و بەم حیزبە و گروپە ئفلیجیانە لە ئارایا بن هەر وا ئەمنەتەوە وەزعەکە ، خوا کەریمە تەنها ووتەیەکە و دادی کەس نایات ، کەرکوک کە سەر و بنی زمانی بنەماڵەیە و ناویان ناوە دەی !! کوردستان !!جانی لەو دزیوە بەرکەوتوە؟ هیچ ، چونکە ئەستا کەرکوک بۆ بنەماڵە " مێخەڵە کوڕە"یە و بووون و نەبوونی وەک یەکە..ئەی پرۆژەی بۆ دووبەی کردنی هەرێم لەو بیست و حەوت ملیۆنە چۆنی بەر کەوت؟ بیست و حەوت ملیار دۆلار لە پارە و قووت و دەغیلەی خەڵک ئەماشرەتەوە بەئام لە رۆژەکی میحنەتا هەژارانی ئەم هەرێمە ئەبە چاویان لە خەر و سەدەقە بە.. کەسیش چاوەڵی سبەی نەکا لەمە باشتر بە ،بنەماڵەیەک خەی لە میللەت و خاک و مەژوو گەورەتر ببینە ، دەیان بیست و حەوت ملیاری وون ئەبە و هیچیش لە وەزعەکە ناگۆڕێ ، تا ئەو کاتەی خەڵک بریاری گەڵین ئەیەن ....

- جاران لە سلەمانی پیاوەکی نیمچە ناتەواو هەبوو بە ناو هەنانیووشەی "یاپراخ" تۆپ ئەبوو ، تا رۆژەک جەماعەت لە ناو بازاڕ هەکەوتن هەریەکەی بابەتەکی دروستکردنی یاپراخ بۆ ، یەکەک ووتی سەق ، ئەوی تر ووتی برنج،،یەکە لەولاوە هاواری کرد گشت ، لەولاشەوە یەکە ووتی پیاز و تا هەموو بابەتاکان ووترا ، کابراش هاواری کرد پیاوم ئەوە بیپچڕتەوە ،، یەکەک لەولاو ووتی یاپراخ و بە پەکەنینەوە ەای کرد ، ئەم مەسەلەی ناوهەنانی یاپراخە وەک ترسی ئەمەی دەستەداتدارانی هەوڵێر لە ووشەی" خەپیشاندان" رەنگە ناوهەنانی خەپیشانان بۆ شیعریشا ببێتە مایەی گەچکە بە ساحەبەکەی ، مەگەر یەکە بۆ "خە" و یەکەکی تر" پی" و کەسەکی تر"شا" و دواجار یەکەک بۆ"نان" و ئیتر بزانە ئەو هەموو پاراستن و پۆلیس و هیزانەی بنەماڵە چۆن لەرزیان لە یەت،، ڤورسەتی پارێزگاری هەولێر فورسەتی هەنا و بەناوی بنەماڵەوە هەرەشەی کرد کە کەس ناتوانێت ئارامی شار تەک بات و بە توندی ئەچن بە گژ هەر هەوڵەک بە دروستکردنی نارەزایی لە پایتەختا ، لە بیرمان نەچێ ئەمە هەمان فورسەتە کە لەسەروبەندی 17/ی شوبات بەزەر تەلەبەکانی خەڵکی سلەمانی سواری پاس ئەکرد و ئەیناردنەوە بۆ سلەمانی لەترسی تەشەنە یانی خپیشانانکان بەرەو هەولێر ، کاتی خەی زەمانی بەعسیش لە ترسی خەپیشانان هاتو چۆ قەدەغە ئەکرا وەک ئەوەی ئەمە دەستاتی هەرەم بە ناوی کەرناوە ئەیکات ، بەئام با کاکە

فورستەکەی هەڵەبزانە کاتێک خۆبەدەستەوەدانی یان بەعس هیچ فورستێکی ماناوەی نەما ، ئێوسا و ئێستاش دەستەبات پشتی بەهێز قایم بوو ، بەڵام خۆبەدەستەوەدانی هێزی نیا.

دانانی سنووربەندێک بۆ دەست درێژی کردنە سەر ناوچە شۆڕشگێڕیەکان... ئەحمەد کامەران

کاتێک کە گوێبیستی وشەی دەست درێژی دەبینەوە، دەنگە ڕاستەوخۆ هزرمان تەنیا بۆ سەر مەڵەقێک بچێتەوە، یاخود بۆ سەر دەگمەنێزی مێ (ئافرەت) هەبێتە ئەوە پرسێکی تر و بابەتێکی تر ، بەڵام لە بنەڕەتدا وشەی دەستدرێژی لە ئەمەدا دەکرێتە سەر زەرەرمەندترین دەست درێژی کردنە سەر ناوچە شۆڕشگێڕیەکان و ڕووخانیان و شواندنیان بەهەموو جۆرە شێوازێک، بەبێ ئاوڕی هیچ جۆرە لێپرسینەوەیەک بکرێت لە بەرامبەر دەستدرێژی کارانی سەر ناوچە شۆڕشگێڕی و کەلەپووریەکانی وڵات، ئاوڕی لێرەدا کە بەمن جێگای سەرنجە وەکو کادیرێکی بواری شۆڕشگێڕی ،ئاوڕێ کە هەتا ئادیەکی زۆر حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کەم تەرخەمن لە ئاست سەرجەم ناوچە شۆڕشگێڕیەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە ئێستادا بەهۆی پرسە سیاسیەکانەوە کە دەبینین دەژانە لەلایەن دەوڵەتی تورکیای فاشیستەوە کە ناوە بە ناوە لە دەگای بۆمبارانکردنی ناوچە سنووریەکانی هەرەمی کوردستانەوە ،کە جگە لەوەی زیان بە هاوڵاتیان دەگەینرێت لە هەمووویکەوە، بەڵام لە پاڵیشیدا زیان بە ناسنامەو شارستانیەتکەیشی دەگەینرێت کە ئاوێش بریتیە لە ناوچە شۆڕشگێڕیەکان،کە لە دەرئەنجامی بەردەوامی ئاوبەردومانەوە، کە دەبێتە هۆی ڕووخان و شواندن و دەنگە بگاتە ئاستی سینەوەی ئاو ناوچە شۆڕشگێڕیەی کە دەکەوێتە بەر شاڵاوی بەردومانەکانی تورکیا و دووژمنان... کە پەم وایە بە داهاتووی نزیکێک باش نابێت ، بەهۆی بەردەوامی ئاو دەست درێژیکردنەی سەر ناوچە شۆڕشگێڕیەکان...